هێنری میشێل

# فاشیزم چییە؟

وەرگێڕانی
سمکۆ ناکام

## پێشەکی

کاتێك فاشیزمو نازیزم لەئیتاڵیاو ئەڵمانیا هاتنە سەر حوکم، هەر لەسەرەتاوە رۆشنبیرانو سیاسەتمەدارو خەڵکی دیموکرات کەوتنە شیکردنەوەی ئەو پرینسیپە فەلسەفیو سیاسیانەی کە شێوازی حوکمیان راگرتوە. زوو بەزوویی دەستکرا بەباسکردن لەوەی کە فاشیزم دیاردەیەکی ترسناكو نەهیکەری سەرەتاترین مافی مرۆڤ و ئازادییە مەدەنیە بنەڕەتیەکانە. نوسەرێکی وەکو ئاننە ئەرێندت (Hannah Arendt) بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد کە بەبێ "تێگەیشتن" ناتوانرێ جیهان بدۆزرێتەوەو پەردە



هەڵماڵرێ لەلایەنە شاراوەکانیو دەیگوت "تێگەیشتن قیبلەنمای ناوخۆییمانەو هاوچەرخیەتی ئێمە تەنها لەوەدایە کە تێبگەین". بێ گومان ئەرێندت مەبەستی لەوە بو کە تێگەیشتنی فاشیزم نابێ تەنها لەچوارچێوەیەکی وەسفی دا بمێنێتەوە. کاری زانست بریتییە لەروونکردنەوەی ئەوەی کە شاراوەیە نەك ئاڵۆزکردنی ئەوەی کە روونەو ئەمەش تەنها لەچوارچێوەی "تێگەیشتندا" دەکرێ. چونکە وەسف کردن بەبێ تێگەیشتن لەوانەیە "سروشت" ی دیاردەیەك بشارێتەوەو لەئەنجامدا گێرەشێوێن بێ. لەبەر ئەم هۆیە "تێگەیشتن" تەنها ئامرازە بۆ هاندانی خەباتو تۆکمەکردنی شاڵاوی هێرشی دژ[1]. ئەم باسانەی ئەرێندت رێگەیان خۆش کرد بۆئەوەی کە "تێگەیشتن" هەبێت سەبارەت بەوەی کە فاشیزم تەنها فەلسەفەو شێوازی حوکمی ئیتالیاو ئەڵمانیای نێوان دوو جەنگ ناگرێتەوە، بەڵکو ئەو جۆرانەش دەگرێتەوە کە دەیانەوێ فابریکەی

مرۆڤێکی نوێ بکەنو بەشێوەیەکی سیستماتیك تۆقاندن بەکاردێنن وەك ئامرازێك بۆ گەیشتنە ئامانجەکانیان. بەم شێوەیە، شیکردنەوەی بەراوردکاری بوو بەمێتۆدێکی سەرەکی لێکۆڵینەوە بۆ تێگەیشتن لەفاشیزمو لەساڵانی ١٩٥٠ دا دەستکرا بە بەراورد کردنی کۆمونیزمی سۆڤیەتی بەفاشیزمەوەو هەوڵدرا پەردە هەڵماڵرێ لەخاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا. جگە لەئاننە ئەرێندت، یەکێکی وەکو رایمۆند ئارۆن (Raymond Aron) یان کارل فریدریش (Carl Friedrich) و زۆری دیکەش دەستیان کرد بەشیکردنەوەی فاشیزمی تۆتالیتار لەسەر بنچینەی مێتۆدێکی بەراوردکاری. بەلای ئەوانەوە، تێگەیشتنی تۆتالیتاریزم (کۆمۆنیزمی سۆڤیەتی، فاشیزمی ئیتاڵی، نازیزمی ئەڵمانی) نایەتە دی لەرێگەی گەڕاندنەوەی هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە بۆچەند قەوارەیەکی مێژویی یان کۆمەڵایەتی یان سایکۆلۆجی، چونکە تۆتالیتاریزم ناوەستێتەوە سەر تەنها چەند وڵاتێكو وەسفی مێژوویی‌و



شیکردنەوەی سیاسی کافی نین بۆ "تێگەیشتن". مێتۆدی بەم شێوەیەو بەهیچ شێوەیەك هەوڵ نادات "تێگەیشتن" ئاسان بکاتو گێرەشێوێن دروست دەکات. لەبەر ئەمە گەیشتنە دانانی تیۆرییەکی گشتی تۆتالیتاریزم. بەگوێرەی تیۆری گشتی تۆتالیتاریزم فاشیزمی ئیتالی‌و نازیزمی ئەڵمانی‌و کۆمونیزمی سۆڤیەتی بەتەواوی لەیەك دەچون. هەموویان بەشێوەیەکی گشتی چەند ئێلێمێنتێکیان لەخۆیان کۆدەکردەوە کە بریتین لە: ئەتۆمیزە کردنی کۆمەڵ، بونی یەك تاکە حیزب، ئایدیۆلۆجیایەك کە سەرجەم ژیانی تاكو کۆمەڵ دەگرێتەوە، پرۆپاگەندەو تۆقاندن(٢).

ئەم نامیلکەیەی نوسەری فەرەنسیش، هێنری میشێل (Henri Michel)، کەم یان زۆر، تەقەللایەکی لەم بابەتەیە. لەچەند لاپەڕەیەکی کۆتاییدا ئەویش بەشێوەیەکی سەر پێیی فاشیزمو کۆمونیزم بەراورد دەکاتو خاڵی لێکچونیان ڕوون دەکاتەوە.

ئایا بەم بۆنەیەوە دەتوانرێ ئەم مێتۆدە بەکار بهێنرێ بۆ تێگەیشتنی خاڵی هاوبەش لەگەڵ بەعسیشدا؟ بەڵێ. دەتوانرێ هەمان ماکی هاوبەش بدۆزینەوە لەنێوان ئەم فۆرمانەی فاشیزمو بەعس. بێ گومان بەعسیش هەروەها هەمان خاڵی هاوبەشی هەیە لەگەڵ فاشیزمی تۆتالیتار: بەهەموو توانایەکیەوە هەوڵی دا کۆمەڵ ئەتۆمیزە بکات لەرێگەی تۆقاندنو سەپاندنی ئایدیۆلۆجیای حیزبێك کە دەیویست سەرجەم لایەنەکانی ژیانی تاكو کۆمەڵ بگرێتەوەو سەرکردە پەرستی بسەپێنێ بەسەر هاوولاتیانیاندا. . .دەتوانرێ بوترێ کە بەکارهێنانی تۆقاندنی پۆلیسیو ئایدیۆلۆجی بەعسی لەهەمان چوارچێوەی فاشیزمی تۆتالیتارەوە خۆی دەدۆزێتەوە. لەڕووی تۆقاندنو ڕەنگدانەوەی ئاستی ئایدیۆلۆجیەوە، هەڵەبجەو ئەنفالو ئۆردوگا زۆرەملێکانو گۆڕە بەکۆمەڵەکان هیچ جیاوازیەکیان نییە لەگەڵ بوشێنڤالد (Buchenwald) و ئاوشڤیتس (Auschwitz) و



"قەڵاچۆی" کولاك؟ تۆقاندنی فاشیزمە تۆتالیتاریەکان، هەموویان، بەرهەمی پرۆگرامێکی سیاسین کە دەوەستنەوە سەر ئاراستەو ستراتیجیەتێکی دیاریکراوو سیاسەتی توندو تیژ کە بریتییە لەتۆقاندن. بەداخەوە هەتا ئەمڕۆ کەم کەس هوشیاریەکی تەواویان هەیە سەبارەت بەمەترسیەکانی ئەم جۆرە تازانە لەحوکمو ئەم ئامرازە تازانە لەدەسەڵات کە دەوەستنەوە سەر تۆقاندن.

کاتی ئەوە هاتووەو زۆر درەنگیشە کە دەست بکرێ بەنوسینو لێکۆڵینەوەی سیستماتیك دەربارەی بەعسو لەیەکچونی لەگەڵ فاشیزمی تۆتالیتار. بۆ ئەوەی جارێکی تر میللەتی کورد بەتایبەتیو میللەتی عیراق بەگشتی نەهێڵن ئەم ئەزمونە ترسناکە دووبارە ببێتەوەو پشتگیری لەو میللەتانە بکەن کە ئەناڵێنن لەژێر دەستی ئەم فۆرمە تازانە لەحوکم، پێویستە لەسەریان بەباشی لەسەرجەم پێکهاتەکانیان تێ بگەن. چونکە "تێگەیشتن"، هەر وەك ئەرێندت دەڵێ، تەنانەت سەرەتاییش بێت وا دەکات کە

بەهیچ شێوەیەك پشتگیری لەفاشیزمی تۆتالیتار نەکرێت‌و ئەو ئامۆژگاریە پەسەند نەکرێت کە دەڵێ: "ئێمە. . داکۆکی لەخراپە دەکەین دژی خراپتر"[٣].

ئەو فاشیزمە تۆتالیتارەی کە لەنێوان دوو جەنگدا هاتە گۆڕێ، بوو بەرێپیشاندەری بەعس کە بەشێوەیەکی توندو تیژتر سەری هەڵدایەوە لەناوچەیەکی دواکەوتو و سایکۆلۆجیەکی عەشایەری نادیموکرات. فاشیزمی خێزانی قەبەلی بەعسی درەندەترو ترسناکترە لەو فاشیزمە تۆتالیتاریانەی کە لەوڵاتانی ئەزمون دیموکراتیەوە سەریان هەڵدا.

**د. ئەلبێرت عیسا**

**سلێمانی، ٢٠٠٥/٥/١٨**





**(١) سەبارەت بە " تێگەیشتن"ی فاشیزم بەلای ئاننە ئەرێندتەوە، بڕوانە:**

Hannah Arend, La nature du totalitarisme, Payot, ١٩٩٠, pp. ٦٧-١٣٣.

**(٢) بڕوانە بۆ ئەم مەبەستە:**

Raymond Aron, Democratie et Totalitarisme, Paris, Gallimard, ١٩٦٥. Carl Friedrich, The Unique Character in Totalitarian Society, Totalitarianism, Cambridge, ١٩٥٤

.

(٣) Hannah Arendt، Ibid.، p. ٤٣.

# فاشیزم چییە؟

## ڕوونکردنەوەیێ

" ... فاشیزم بیست ساڵ مێژووی ئەوروپایە، لەگەڵ داتەپینی دیموکراسیی لیبراڵو، بەرپا بوونی شۆڕشی بۆلشەفیدا، سێهەم مەزنە ڕووداوی نێوان هەردوو جەنگە. ساڵی ١٩٤٢ ڕەوا بوو وا بزانرێ، کە ئەوروپای خراوە ژێر دەسەڵاتەوە بۆی ئەبێ بە بەردەباز بۆ گرتنی هەموو ئەو دنیایەی، چۆن ئەمڕۆ لەنێوان کۆمۆنیستو ئەنتی کۆمۆنیستدا دابەش بووە، ئەو ساڵە لەنێوان فاشیستو ئەنتی فاشیستدا دابەشی ببوو. بەزینی هێزەکانی تەوەر بۆ فاشیزم جەرگبڕ بوو. بوونی بەمایەی شەرمەزاری لەو ترسەوە دێ کە ڕۆژێ لەڕۆژان لەدایك ببێتەوە، لەڕاستیدا لەساڵی ١٩٤٥ بەدواوە، فاشیزم یادکەرەوەکانی، لاسایی کەرەوەکانی خۆی هەیە.



لەم چەند لاپەڕەیەدا نیازمان نییە مێژووی فاشیزم بنووسین. ئامانجمان تەقەلاییێکی ڕوونکردنەوەیە. هەوڵ ئەدەین هێڵە سەرەکیو هاوبەشەکانی دیاردەکە دەستنیشان بکەین، چ لەئایدۆلۆژییەکەیدا، یاخود لەپراکتیکیدا بێ. لەهۆکانی، پەیوەندییەکانی بەرابوردووەوە، بابەتە نوێکانی لەمێژوودا ئەکۆڵینەوە..."

ئەم چەند دێڕەی سەرەوە بەشێکە لەو پێشەکییەی مێژوو نووسی فەرەنسی "هێنری میشێل" بۆ ئەو نامیلکەیەی نووسیوە، کە لەژێر ناونیشانی "فاشیزمەکان" لەزنجیرەی" چی ئەزانم Oue saia je? دا لەساڵی ١٩٧٧ بلاوی کردۆتەوە*. ئامانجی ئەم زنجیرەیە ئەوەیە کە زانیارییەکی کورتو پوختی یەکێ لەتێمەکانی کات بخاتە بەردەست خوێنەرێکی ئاساییو، تا ئێستا چەند هەزار بەرگێکی دەربارەی بابەتی جۆربەجۆر

* Quest – ce que le fascisme in:
Henri Michel, LES FASCISMES,PUF, Paruis, ٣e edi, ١٩٨٣, pp. s – ٢٢.

لێ دەرچووە.

بەشی یەکەمی ئەم نامیلکەیە تەرخان کراوە بۆ پرسیارێ: فاشیزم چییە؟ بەسەرهاتەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی کوردستان وای کردووە کە فاشیزمو فاشیست بچنە ناو فەرهەنگی سیاسیی گشتی خەڵکانەوە. بەڵام زۆرجار یا چەواشانە بەکاردێ، یاخود زات ناکرێ دانی پیا بنرێ. وەرگێڕانی ئەو بەشەی نامیلکەکەم بەسوود بەخش زانی، بۆ روونکردنەوەی دوو مەسەلەی سادە: تا چ رادەیەك ئەو رژێمانەی کورد ئەچەوسێننەوە فاشیستن‌و، ئایا مەترسیی پەیدا بوونی رەوتێکی سیاسیی کوردی هەیە، کە بیروباوەڕ یا کردەوەی لەکارێزی فاشیزمەوە هەڵێنجێ؟

نووسەر سەرۆکی کۆمیتەی ناو دەوڵەتانی مێژووی دووەم جەنگی جیهانیو، سەرنووسەری گۆڤاری مێژووی هەمان جەنگە. لەم بارەیەوە نکوولّی لەپسپۆڕیی ناکرێو، ئاشکرایە کە لەمێژوو نووسیندا پشت بە شیکردنەوەی چینایەتی ئەبەستێ. بەڵام لەهەمان کاتدا هەندێ لەبۆچوونەکانی لەگەڵ





بیروباوەڕێکی رەگ داکوتاو لەناو بەرەکانی چەپدا یەك ناگرنەوە.

بەهەر حاڵ، ئەگەر ووتەکانی نووسەر بەگەرووی هەندێ خوێنەری دڵ گەرمدا نەچن، نارەوا ئەبێ بەقەپۆزی پیاوەکەدا بکێشرێ، پێش ئەوەی تەنانەت دەمی کردبێتەوە ئەوەندە ئەمێنێتەوە کە نووسەر خۆی چەند بەرپرسیاری بۆچوونەکانێتی، منیش ئەوەندە بەرپرسیارم لەگەیاندنیاندا بەخوێنەری کورد.

نووسەر چەند پەراوێزێکی بۆ نووسینەکەی داناوە. بەڵام سەرنجم دا کەئەشێ هەندێ ناو یا بەسەرهات لای چەند خوێنەرێ زۆر ئاشکرا نەبن، بۆیە چاکتر وابوو بەپەراوێز روونبکرێنەوە. بۆ جیاکردنەوەیان، پەراوێزەکانی نووسەر بەپیتی (ن) کۆتاییان دێو، ئەوانەی وەرگێڕ بەپیتی (و).

ئەگەر بەشوێن تەوراتی فاشیزمدا بگەڕێین رەنجمان بەفیڕۆ ئەچێ ((خەباتم)) تەنها کۆنە راسپاردەی نازیزمە[1]. وەك دیاردەیەکی مێژوویی، فاشیزم لەلایەن ریزێ تیۆریکارانەوە سەرەتاو سازکردنی نەبووە، وەك چۆن "فەیلەسووفەکان" بۆ

شۆڕشی فەرەنسیان کرد. "بیرکەرەوەکانی" فاشیزم بەپەنجەی دەست ئەژمێردرێن. لەڕاستیدا ووشەکە خۆی "فاشیزم"[٢] سروشتی دیاردە مێژووییەکە دەسنیشان ئەکا: خڕبوونەوەی چەند هێزێکی جیاجیا، ئەگەر بیرەکە خۆی نەبێ، لەکرداری بەجێگەیەندراوەوە هەڵئەقوڵێ. دیکتاتۆرە فاشیستەکان بێ ڕێنمای تیۆری بوون: سەرکردە خۆی لەسەروو جەماوەرانەوە بەرز کردەوە، کرداری بوو بەپەندو، ووتەی راستیی دەربڕی. بەڵام ئەوەندە هەیە کە فاشیستەکان لەگشت لایێ بەپەردە لەرووهەڵماینیو بەگژداچوونی چەند نەیارێ، چ ڕاستەقینەو چ ئەفسانەیی، بەناولێنانیان خۆیان ئاشکرا کرد. خەباتیان پێش هەموو شتێ رەتکردنەوەیی بوو. لەهەمان کاتدا شوێن هەندێ ئامانج کەوتن، پرۆگرامێکیان ئامادە کردو، بیروباوەڕێکی کەم یا زۆر بەیەکەوە نووساویان هێنایە کایە. کەواتە سامانێکی هاوبەشی فاشیزم هەیە، کە لەکۆمەڵێ ڕەتکردنەوەو پێشنیار تێکەڵە، واتە کەمترین بەردەرکای بنیاتێکی تێك ئاڵۆزە، کە لێیەوە کۆمەڵێکی هەمە ڕەنگ خۆیان ئەکەن بە ناودا.



## ڕەتکردنەوەی فاشیزم

ئەوەی فاشیزم بەر لەهەموو شتێو سەراپا رەتی ئەکاتەوە کۆمەڵگای لیبرالی سەدەی نۆزدەیە. کە ئیلهامی لە "فەلسەفەی رۆشناییەکان"[٣] ەوە وەرگرتبوو، لەشۆڕشی فەرەنسیدا بەشێوەیەکی سیاسی خۆی نواندبوو. فاشیزم باوەڕ ناکا کە مرۆڤەکان یەکسان بن، چ جا لەسروشتدا باش بن. دێکارت، کانتو رۆسۆ لەلایەنیەوە لاخراون، لەگەڵیاندا پۆزیتفیزم[٤]، کە تاوسەندەری بیری زانستیانە، ئاواتە خوازیی پێشکەوتنێکی بەردەوامە. ئەم مەحکوم کردنە تێکڕاییە کۆمەڵێ ڕەتکردنەوە بەدوای خۆیدا ڕائەکێشێ:

ڕەتکردنەوەی دیموکراسی، کە بە "رزیو" لەقەڵەم دراوە، چونکە رژێمی لاوازی و دەسەڵاتی گرووپی پاڵەپەستۆکانەو، لەتوانایدا نییە بەرژەوەندیی نەتەوایەتی بپارێزێ. سیستەمی پەرلەمانی گەمەیێکی بێ فەڕە، قسە هەڵڕشتنە، لەواقیعی

نەتەوە بە دوورە، زۆربوونی پارتە سیاسییەکانە هیچ ناهێنێتە کایەوە لەدووبەرەکیو چەنەبازیی بێ سوود بەو لاوە، هەڵبژاردنی کاربەدەستە سیاسییەکان لەلایەن گەلەوە خەیاڵ پڵاوییەکی بەدە.

پاشان ڕەتکردنەوەی تاکە کەسایەتی، مافەکانی مرۆڤو "کەرامەتی ئینسان" چونکە تاکە کەس مافی نییە، بوونی نییە، لەناو ئەو کۆمەڵەدا نەبێ کە تیا تواوەتەوە، بۆیە پێویستی بەوەیە کە دەوری بگیرێو بەڕێوەببرێ.

ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگای لیبرال، چونکە سەربەستی ئەبێتە هۆی بەرەڵاییو، بەرەڵایی بەیەکەوە بەستنی گرووپ لاواز ئەکا. گرووپ مافی ئەوەی هەیە سزای ئەوانە بدا کە نایانەوێ بێنە ناوییەوە. ئامانجی دادپەروەری ئەوە نییە کە تاکە کەس بپارێزێ، بەڵکو ئەوەیە کە بێداری یەکپارچەیی گرووپ بێ، بەوەی جەزرەبە بەوانە بگەیەنێ کە ئەم یەکپارچەییە لەکەدار ئەکەن.

ڕەتکردنەوەی هەڵوێستێ کە هۆش ویستبێتیو گوژمی ژینەوەرانە سارد بکاتەوە، فاشیزم بەرپەرچ دانەوەیەکی دژ





بەرۆشنبیرییە، تۆڵەسەندنەوەی غەریزەیە، بۆیە فاشیزم بانگەشەی کردار پەرستن ئەکا، چاکەی توندو تیژی بڵاوئەکاتەوە.

لەهەمان کاتدا فاشیزم بەگژ "سۆسیالیزمی مارکس" دا ئەچێ، چونکە بناخەکەی زۆرانی چینایەتیەو، گرووپی کۆمەڵایەتی بەرەو لاوازبوونو دووبەرەکی کێش ئەکا. فاشیزم باوەڕی بەو نەخشە مارکسیە نییە کەمێژوو پاشگەز بوونەوەی بۆ نیە. لەهەمان کاتدا سەربەستی ئابووری، واتا "شاری بێ ساحێب" مەحکوم ئەکا، کەئەبێتە هۆی ئەوەی زلەکان بچووکەکان بپلیشێننەوەو، بەزیانی کۆمەڵ ئەشکێتەوە، هەروەها زۆر جاریش ئەبێتە دێوجامەی دەست بەسەرداگرتنی گەلێکی هەژار لەلایەن یەکێکی دەوڵەمەندەوە. رووبەڕووی ئینتەرناسیۆنالە کۆمونیستەکان یا سەرمایەدارییەکان، فاشیزم ئەخوازێ "سۆسیالیزمی نەتەوایەتی" ی خۆی قنج کاتەوە.

## خواستەکانی فاشیزم

ئەم رەخنانە نویٚ نین، فاشیزم تەنها بەکەلی کردن. بۆ ئەوەی تەواویان بکا، وەك ئەنتی تیٚز، کۆمەلّیٚ داخوازیو پیٚشنیار ئەهیٚنیٚتە گۆڕیٚ، کەئەگەر ئۆرکینالییەکیان تیٚدا بیٚ، ئەوە تەنها لەبەیەکەوە بەستنەکەیاندایە. بەم شیٚوەیە، لەریٚڕەوی کرداردا، دکتۆرینیٚکی کەم یا زۆر هاوجۆر پەیدا بوو.

فاشیزم پیٚش هەموو شتیٚ نەتەوایەتییەکی هەلّچووی نەتەوەییە، کەپیرۆز کراوە، سامانی هەرە بالاّیە. بەرژەوەندیی نەتەوە پیٚویستی بە هاوجۆریٚیکی سیٚ قۆلّیی ناوخۆیە: سیاسی، کۆمەلاّیەتیو ئیتنی، هەروەها نەهیٚشتنی ئەو بەیەکدادانانەی کەلاوازی ئەکەنو دووبەرەکی تیا ئەنیٚنەوە.

فاشیزم دەست بەرداری سەردەمی پیٚش خۆیەتی (خۆی بەشۆڕشگیٚڕ لەقەلّەم ئەدا)، نموونەکانی خۆی لەرابوردوویٚیکی کەم یا زۆر ئەفسانەیی نەتەوەدا منە ئەکا (جیٚرمانی، لاتینی، هیسپانی، هیٚلیٚنی فرانکی... هتد). لەو سەردەمە زیٚڕینەدا نەتەوە هیچ کەردیٚکی بیٚگانەی تیا نەبوو، بۆ ئەوەی سەر لەنویٚ





قالّی بداتەوە، فاشیزم زینۆفۆبە[٥] رەگەزپەرستەو، بەم پیٚیە، دژ بەسامییە. کەواتە گەل نەتەوەو رەگەز، هەرسیٚکیان هەمان واقیعی میٚژوویی دەر ئەبڕن.

نەتەوە پەرستیی فاشیزم چاوبرسیو تووڕەیە، هیچ سنووریٚ نییە کەنەخوازیٚ بیبڕیٚ، هەمیشە ریٚکەوتننامەیی هەیە کەپیاچوونەوەی گەرەکەو هەندیٚ خالّ کەخستنەوە دەستیان بەگویٚدا ئەدریٚ. لەرابوردوودا، سەردەمیٚکی مەزنی، بیٚ ماندووبوون ئەبینیٚتەوە کەخۆی پیشنیار ئەکا بۆیە دەست خستنەوەی. پالّ دراو بەسوپاوە، پشت بەکۆنە جەنگاوەران قایم، شویٚن یارمەتیی هاونیشتمانیانی دوورە ولاّت کەتوو، فاشیزم، بەشیٚوەییٚکی سروشتی، سەر لەئیمپریالیزمدا دەرئەهیٚنیٚ. "ئاشتی خوایی باعە باع کەر" سووك ئەکاو، لەکۆمەلّەی نەتەوەکانەوە دەست پیٚ ئەکا، ناوی بەسەرهاتی سامناك، سەرباز، بەگژداچوون بەرز ئەکاتەوە، لەجیٚی پیٚك هاتنی گفتوگۆ لیٚکراوە، مۆرکردنی بەلّگەنامەی سەرکەوتنی لاباشترە. وەك

چۆن هەوری رەش بروسكەی پێیە، ئاوایش فاشیزم جەنگ لەگەڵ خۆیدا ئەهێنێ.

بۆ ئەوەی نەتەوە بەبوژاوەییو بێ خەمی بخۆر بژی، دەوڵەت ئەبێ بەهێزو بەزەبر بێ. بەناوەندی كردن، گشت تایبەتییە ناوخۆییەكان ناهێڵێ، دەوڵەت بەرژەوەندییە كۆمەڵەییەكان ئەباتە سەر ئەوانەی تاكەكەس، گروپە پیشەییەكان، یاخود ئەوانەی چینە كۆمەلایەتییەكانەوە، دیكتاتۆرییەی دائەمەزرێ، ئامێری دەوڵەتو ئایدۆلۆژیی مولتەزیم تێكەڵ بەیەك ئەكا، بۆ خەرجی رەوایێ، كەمەفهومی ئاشتی كۆمەلایەتی ئەكات بەژێرەوە. دەوڵەت پۆلیسی ئەبێو، دادپەروەری لەگوێی، فەرمانی پارێزەر تاوان خەرە پاڵو دادپرس تێكەڵ بەیەك ئەكرێن، چونكە تاوان خراوە پاڵ لەسەر نیازو رەوشتی سیاسی بەرەو دادگا كێش ئەكرێ، زیاتر لەوەی لەسەر كارێ كردبێتی، هەر وەك چۆن سەردەمی زوو دادگای پشكنین لەرووی لەقسەی كلێسە دەرچووەكاندا قوت ببووەوە، ئاوایش دادگەی فاشیست ئەهریمەنی نارەسەنی لەگیانی نەتەوەدا دەرئەپەڕێنێ.





ئەم دەوڵەتە بەهێزە لەسەركردەییێكدا خۆی ئەنوێنێ، كەخوا ناردوویەتی، رابەرو رزگاركەری نەتەوەیە. لەناو جەماوەرانەوە بەتاوی كاراكتەری هەڵقوڵاوە. قسەكانی چەندە یاسان، ئەوەندەیش راستی دەربرن. دیوارەكانی رۆما رایانئەگەیاند كە "مۆسۆلینی هەمیشە راستی كردووە"و نازی گەلەكان شێكیری خۆیان لەبەردەم "بلیمەتی"ی فیووەردا[٦] ئەكرد بەهاوار. هیچ گرووپێكی فاشیست بەدی ناكرێ كەهەموو شتێ بەقوربانی سەركردە پەرستن نەكا. پرەنسیپەكانی فیوورەر پێویستە لەلایێكی ترەوە لەگشت پلەكانی كۆمەڵگادا، لەئابووریداو لەكارگێڕاندا رەنگ بدەنەوە.

لەسەركردەوە بۆ گەل، نێوان گر، كلاو رۆژنە، واتا تاقە پارتی هەیە. پێویستە ئەم پارتییە دەستەییێكی هەڵبژاردەی خڕ كردبێتەوەو، بەتاقە دەزگاییێكی لاوان خۆتازەكردنەوەی دەستەبەر بكا. ئەو كۆمەڵگایەی فاشیزم ئەیهێنێتە گۆڕێ نهۆم نهۆم كراوە، هەندێ فەرمان ئەدەنو، ئەوانی تر باوەڕ ئەكەنو گوێ رائەهێڵن، بەلام دەسەلات هەمیشە لەسەری سەرەوە دێ. یەكەم

جەنگیان لەسەر جادە بەرپا ئەبێ، فاشیستەکان ئەچن بەگژ رەقیبەکانیانداو پاش ئەمە "ئاسایش باڵ ئەکێشێ"، دەوری خەڵکان گیراوە، لەسەراپای وڵاتدا، لەسەراپای پیشەکاندا، بەچەند دامودەزگایەك کەئەرکی گۆڕینی ئامێری دەوڵەتیان بەسەردا سەپاوە. بەم شێوەیە وورده وورده، چینێکی نوێی دەسەڵاتداران خۆی جیا ئەکاتەوە.

ئەم بە بەندکردنەی خەڵکان، فاشیزم پاراستنی نەتەوە، خواستی هێنانە گۆڕێی کۆمەڵگاییێکی دادپەروەرانەتری بۆ ئەکا بەبیانوو. ئەمەیش سوسیالیزمی نەتەوایەتیە، کە بەکاریگەرترین چەك دژ بەکۆمۆنیزم دانراوە. گرنگە کە لەسەروو زۆرانی چینایەتییەوە هەڵزنرێ‌و، هاوکاریی چینایەتی لەجێ دابنرێ. قسە لەوە نییە کە هۆکانی بەرهەم هێنان بکرێنە موڵکی کۆمەڵ، یا پرۆلیتاریا نەهێڵرێ، مەسەلە کەمتر ئۆتۆژێستیۆنە[٧]، بەڵکو لەلاییێکەوە دەوڵەت بەرژەوەندییەکانی بەهێزەکان ئەکاتە مل کەچی یاسای گشتی، لەلاییێکی ترەوە چەند یاساییێکی کۆمەڵایەتی گوزەرانی کرێکاران لەبارتر





ئەکەن. بەپێی پێڕەوی گشتی، هەر کەگەیشتنە سەر حوکم، ئەم ئالوگۆڕانە کەمێ لەبیر پارتە فاشیستەکان ئەچنەوە، بەڵام لەوە ناکەون کەبیانکا بەدیکتاتۆری گەلی.

بۆ ئەوەی "سۆسیالیزمی نەتەوایەتی" سەر پێ بخرێ، هێزەکانی بەرهەم هێنان ئەکرێنە هاوبەشی ئابووریێکی کۆرپۆراتیف[٨]. فاشیزم ئەیەوێ سەرگرژبوونەوەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی بکەوێ، بۆیە دامودەزگای هاریکاری لەگشت پیشەکاندا قنج ئەکرێتەوە، کەخاوەن کار، کرێکاران‌و نوێنەرانی دەوڵەت بەشێوەییێکی تیۆری یەکسان جێی تیا ئەگرن. لەلاییکەوە، ئەم شێوە سازکردنە رێ بەدەوڵەت ئەدا کەخۆی راستەوخۆ هەندێ ئەرکی ئابووری بگرێتە ئەستۆ، کارگێڕانی بەرهەم هێنانی نەخشەکێشراو ئاسان ئەکاو، ئۆتارسی[٩] بەجێ ئەگەیەنێ، لەلاییێکی ترەوە دەوڵەت لەبەیەکدا هاتنەکانی کاردا دەوری ناوبژی کەر ئەبینێ. لەڕاستیدا بە لەناوبردنی نەقابەکان‌و قەدەغەکردنی مان گرتن، ئەم سیستەمە لاسەنگیی کۆمەڵایەتی بەلای داراکاندا دا ئەشکێنێ.

بەپێی بۆچوون فاشیزم، ئەم سەرجەمی دەرفەتانە ئەبێ ڕێ بۆ شکۆفەکردنو ڕاهاتنی بابەتێکی نوێی مرۆڤ خۆش بکەن. ئەم مرۆڤە نوێیە ئەبێ کەڵ بێ (فاشیزم قێزی لەئافرەت ئەبێتەوە)، لەسەر پێ بێ بۆ فەرمان وەرگرتن، رەق بێ لەگەڵ خۆیو خەڵکی تردا. سیفەتە زەقەکانی بەجەرگی، درك بەدیسپلین کردنو هەستی پشت گرتن ئەبن. فاشیستەکان ئەخوازن "خاسێتییە ئاژەڵێیەکان"ی مرۆڤ پەروەردە بکەن، زیاتر لەوانەی بیرو هۆشی، چونکە لەبیری رەخنەگرانە ئەسڵەمنەوەو، بەهەرەسهێنەری لەقەڵەم ئەدەن، فاشیست ئەبێ لە "باوەڕکردن، مل کەچکردن، چوون بەگژدا" زیاتر نەخوازێ. ئایدیال ئەوەیە کە قورمیش کراوێکی بێ خەوش بێ، هیچ سۆزێکی تیا نەمێنێ، لەگشت هەستێکی مرۆڤانە بێ بەش بێ، تەنها بەکەڵکی ئەوەبێ کە هەچ فەرمانێکی پێ ئەدرێ بێ چەندو چۆن بەجێی بگەیەنێ. ئەم بابەتە نوێیەی مرۆڤ کەم یا زۆر لەئێس ئێسی[١٠] هیتلەریدا ئەهێنرێتە دی.





بۆ پەروەردەکردنی ئەم مرۆڤە، پێویستە ڕاهێنەرو هونەرمەند بکەونە کار. کولتووری فاشیست جیهان پەرستیو مرۆڤ خوازی ئەکا بە ژێر پێوە، لەجێی ئەوان سەر بەنەتەوە، پشت گرتنی کۆمەڵکاری، خۆ بە خاك، بەزمان، بەلادێ بەستنەوەوە (بەخوێنەوە، نازییەکان وتەنی) دائەنێ. بەکورتی" شێوە هەست کردنو بیرکردنەوەی کەکردار فەرمانی پێ ئەدا"، کە نامەنتیق، دۆکماتیزییێکی شووڵ هەڵکێش، بەنەخشەکردنی کێشەکان باون، گاڵتەو گەپ یا تەنکە جیاوازی بینین بەتەواوی وونن‌و، ئەو دروشمانەی پڕوپاگەندە بێ ووچان دووپاتیان ئەکاتەوە لەتام دەرئەچن.

ئەم هێڵانەی فاشیزم لەهەموو ئەو گرووپانەدا بەدی ئەکرێن کەخۆیان لەریزی ئەو رائەگەیەنن، لەگەڵ جۆربەجۆری توندیو کات. بۆ ئەوەی ئەم هێڵانە بخرێتە بەرچاو، گشت فاشیستەکان هەمان پێڕەوە گەل بەکار ئەهێنن، کەبەتایبەتی هاوچەرخەکانیانی داچڵەکاند. سەرکردە پەرستن بە بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی لەسەر دیوارەکان، لەسەر پەردەکان، لەجامخانەکاندا،

لەشوێنە گشتییەکاندا، لەناوماڵەکاندا دەرئەبڕدرێ، دەمێ دەم بەپێکەنین، دۆستانەو پارێزەر، تاوێ رەقو گرژ، بەڵام زۆربەی جار بە بەرگی سوپاییەوە. بەدەستی بەرزەوە سڵاوی لێ ئەکرێ، بەو پەڕی گەرمییەوە ستایش ئەکرێ، پێش ئەوەی ئاینییانە گوێی بۆ شل کرێ. "پارتی" بەجلوبەرگییەوە، پلەکانییەوە، پەیڕەویەوە، ئاڵاکانییەوە، دروشمەکانو رێ کردنەوەکانییەوە بەرقەرارییە. خەڵکان لەخۆپیشاندانی زەبەلاحدا کۆکراونەتەوە. هۆشی کۆمەڵان بەگۆرانی، بەمەسیرە خۆی دەرئەبڕێ، کەتیایدا هەریەکە بە جەماوەران داپۆشراوو پارێزراوە. پڕۆپاگەندە هەر هەمان تێم بە پۆستەر، بەرۆژنامە، بەرادیۆ، بەفلیم بێ وەڕس بوون رائەگەیەنێ. رووبەڕووی پێچەوانە بیرکەرەوان، تەنانەت "شلەتێنەکانیش" هەڕەشەی تێ هەڵدان، گرتن، لەکارخستن، زیندانی کردنو دەست بەسەرماڵداگرتن هەیە. فاشیزم بە بەگشتی کردنی تۆقین فەرمان رەوایی ئەکاو، لەم بارەیەوە بابەتی نوێ ئەخولقێنێ.



بەم شێوەیە، سەرمایەداریو بۆلشەفیزمی رەت کردۆتەوە، دیموکراسی لیبراڵی تووڕداوە، فاشیزم سێهەم رێگای هاوکاری پێشنیار ئەکا، لەنەتەوەییێکدا کەسەرکردە ئەیبا بەرێوە، بە بەزۆر کێش کردنو پڕوپاگەندەیەك رەنگ کراوە، ئامادەی چەند جەنگێ کراوە کەتیایاندا مافەڕەواکانی چنگ ئەخرێنو دان بەتوانایدا ئەنرێ. سەرکەوتنی فاشیزم بە درێژایی نزیکەی بیستو پێنج ساڵ یەجگار گەورە بوو، ئەمە ناکرێ بکرێ بە ژێر لێوەوە. فاشیزم دیاردەییێکی جیهانییە.

## پێشینەو قۆناغەکانی فاشیزم

لەکوێوە دێ؟ لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا سەرمایەداری لیبێرال بەرەو پێکهێنانی تروستو کارتێل[١١] هەڵزناو، سەرمایەی پیشەسازیو ئەوەی بانقی بەناویەکدا چوون. ئەمە هۆییێکی فراوان کردنێکی گەورەی بەرهەم هێنانی بابەتی جۆراوجۆر بوو. بەڵام هەروەها، وەك سەرەنجامێ، خۆخەریك کردنی کارگەکان بە کاروباری یەجگار زلەوە خەندەقی نێوان دەوڵەمەندی بێ سنووری چەندانێكو، دەست کورتی زۆربەی زۆریانی قووڵتر کرد. لادێییەکان لەخاك ریشەکێش ئەبن، شار ئاوی زاوەتە دەمیان، لەچەند گەڕەکێکدا بەسەریەکدا تۆپەڵ ئەبن، کە ئەم گەڕەکانە بۆئەوەی دروست نەکراون پێشوازیان لێ بکا. هەلومەرجی کار، بەهۆی بڵاوبوونەوەی تایلۆریزمەوە[١٢]، بوو بەهۆی ئەوەی پێوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ کارەکەیدا نائینسانی بکاو، پێوەندی تەقلیدی چینەکان هەڵتەکێنێ.

بەتایبەت، چینە ناونجیەکان هەمیشە سوود لەپایە گۆڕکێی ئابووری وەرناگرن. پەرەسەندنی پیشەسازیو بازرگانی گەورە،



بەڕیز دروست کردنی ئالۆ والاّ بە کەمترین خەرج، هەڕەشەی لات بوونو بە پرۆلیتاریا بوونی لەچەندان سەنعەتکار، ووردە بازرگانو موڵکداری بچووك ئەکرد. بەشێوەیەکی گشتی ئەم چینە ناونجیانە نایانەوێ بچنە ریز پرۆلیتاریاوە لەخەباتی دژ بەسەرمایەدا، چونکە هەست بەخۆ دۆڕاندن ئەکەن دژ بەسەرمایەدارییەکان کۆنەپەرستانەیە، ئەوانە یادی ئابوورییێك ئەکەن کە کەمتر دینامیکە، زیاتر رۆتینییە، ئەگەر چەقیو نەبێ. ئەوانە هیچ جۆرە موڵکدارییێك، جگە لەتایبەتی بەخیاڵیاندا نایەتو، گشت هۆکانی بەرهەم هێنان بە بۆکۆمەڵ کردن، کە کەسایەتیان لێ دائەماڵێ رەت ئەکەنەوە، زۆرانی چینایەتی مەحکوم ئەکەن، چونکە ئەترسن خۆیان نرخەکەی بدەن، خەو بە دەوڵەتێکەوە ئەبینن کە لەسەروو چینەکانەوەیە. ئەو موڵکە کەمەی هەیانەو نایانەوێ دەسبەرداری بن ئەیانخاتە سەرپێ بەرامبەر هەر مەترسێی هەڕەشە لەنیشتمان بکا، ئەو نیشتمانەی پێناسی خۆیانی تیا ئەبیننەوە. ئەگەر تەنگانەییێکی کاریگەرو درێژخایەن بێتە گۆڕێ، ئەم شلە هەویرە ئەشێ

بەبانگەوازی ئاژاوە نێرەوەی هەڵچێ، کە ئەزانێ ئەو ترشەی تێنێ کە خۆی پێی خۆشە.

لەلایێکی ترەوە خێرا بوونی ڕەوتی پێشکەوتنی زانستیو تەکنیکی، ئەگەر ئاواتی گەورەی ئەو ئەورووژێنێ، ئەگەر هەلومەرجی گوزەران باشتر ئەکا، ئەشبێتە هۆی سەر لێ شێوان لەبەردەم دیتنەوەی دنیایێکی بێ سنوورو زراوچێندا، ترسێ کەڕووبەرووی گۆڕینی ریتمی ژیانو لەقیی فراوانی بەرهەمی کۆمەڵ پەرە ئەسێنێ. دیتنەوە زانستییەکانی ئاینشتاینو ل. دوبرکلی[١٣] کەناوەڕۆکی کاتو شوێنو مادده سەرو بن ئەکەن. میتافیزیك ئەورووژێنن، فرۆیدو پسیکانالیزم ناخی پسیکۆلۆژی[١٤]ی گومان لێ نەکراو ئەدۆزنەوە. فەلسەفە دوو دڵی لەباوەڕ بە زانست کردن ئەپڕژێنێ، بێرگسۆن[١٥] پایەو پلەی غەریزە ئەداتەوە، سەرنجی بووژانەوەیێکی ئایینی، یاخود زیاتر سۆفیگەرانە ئەدرێ. ئەم بەرپەرچ دانەوەیەی نامەنتیق، نیتچە[١٦] بەوپەڕی هێزەوە دەری ئەبڕێ، بەلای ئەوەوە بیرکردنەوەی هوشیار هەژار بوونە، بەرامبەر وورەی مل





شۆڕکەری مێکەل، نیتچە وورەی "سووپەرمان"ی خولْقینەر قوت ئەکاتەوە، خواستی بەهێزی، ژیانی پڕمەترسی، قارەمانێتی، بگرە خۆبەخت کردن بەرز ئەکاتەوە.

ڕاستە، چینە ناوبجییەکان سەراپا خۆیان لەژێر ئالآی سەرکردەییێکی لەهەڵە بەدووردا کێش نەکرد، بەڵکو هەڵوێستیان جۆربەجۆرییێکی تیا بەدی ئەکرا. فەیلەسووفو زاناکانی کە بیروباوەڕی ریشەدا کوتاو لەق ئەکەن بەهیچ جۆرێ پێشەکیی فاشیزم نەبوون، بەڵکو زۆربەی جار پێچەوانەکەی بوونو، لەلایێکی ترەوە سەرکردەکانی فاشیزم نەیانخوێندبوونەوە[١٧]. فاشیزم پێویستانە لەناو هەژانەکانی ئابووری، کۆمەلآیەتیو بیرکردنەوەدا تۆمار نەکرا بوو، چونکە لەگشت لایێ بەجارێ زاڵ نەبوو، بەلآم ئەو هەژانە لەخویاندا خاکێکی بەپیت بوون بۆیو ڕێگا بۆ دۆزینەوەی هۆکانی سەرکەوتنی خۆش ئەکەن.

لەڕاستیدا، سەرنج ئەدرێ کەفاشیزم لەئاوو هەوایەکی تەنگانەدا پێ ئەگا (فاشیزمی ئیتالی لەو تەنگوچەڵەمەیەدا

لەدایك بوو کەجەنگی یەکەم بەرپای کردبوو، سۆسیالیزمی نەتەوایەتیی ئەڵمان لەتەنگانەی ئابووریی جیهانیی "ساڵەکانی سی" دا نەشونمای کرد). رق هەستان لەخراپ کارکردنی سیستەمی پەرلەمانی بۆی ئەبێ بەخۆراك، هەروەها ئاشکرابوونی "سکاندال" (بەزمی "ستاڤسکی" ئەبێ بەبیانووی کودەتاکەی ٦ی شوباتی ١٩٣٤)[١٨]. فاشیزم لەروو زەردێکی نەتەوایەتییەوە ئەچێ بەئەقڵدا، کەمەسەلەی بەزینێکی سوپایی بێ (ئەڵمانیا)، یاهەست بەپاروو لەدەم فڕاندنی بێ کەئەنجامی سەرکەوتنێکی نیوە ناچڵە (ئیتالیاو ژاپۆن). فاشیزم لەهەست بەزوڵم لێ کرانی کەمایەتییەکەوە لەدایك ئەبێ (سنۆڤاك بەرامبەر چێك، کراوت رووبەرووی سێرب، فلاماند دژ بەڤالۆن.. هتد). بەڵام گرنگە ئەوە لەیاد نەکرێ کەئەم هۆ گشتیانە ئیستیسنایان زۆرە: تەنگانەی ئابووری لەهیچ جێیەك هێندەی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تا سەر ئێسقان نەچوو، کەچی هیچ تۆوێکی فاشیستی تیا شین نەبوو، فاشیزم لەسێبەری سەرکەوتنێکی تێرو تەسەلدا لەپۆلۆنیاو



رۆمانیا ملی قوت کردەوە، هەموو هەژانەکانی سێهەم کۆمار نەیهێشت لەفەرەنسادا زاڵ بێ، هەست بەزوڵم لێ کرانی کەمایەتیی ئەشێ بەرەو ئەوپەڕی چەپی ببا، وەك هەرێمگەری کەتەلان[١٩].. هتد.

کەواتە بەپێڕەوێکی گشتی فاشیزم لەئاوو هەوای گرژبوونەوەیەکی قوڵپ دەری سیاسیو کۆمەڵایەتییدا لەدایك ئەبێ. چونکە یەکەم جەنگی جیهانی دڵ رەقییەکی خوێناویی بێ پێشبینی پۆشتە کردبوو، ئەوەی سەلماندبوو کەزانستو تەکنیك ئەتوانێ بکوژترین لەوەی چاکەکەرن، پایەو پلەی توندو تیژیی بەرزکردبۆوە، ئەوەیش بەبردنە ژێر ئاڵای ملیۆنان مرۆڤەوە. لەراستیدا هەرگیز ژمارەی ئەو سوپایانەی بەیەکیاندا ئەدا ئەوەندە زۆر نەبووە (نەتەوەی چەك بەدەست). هەروەها، لەشەڕدا توێژە کۆمەڵایەتییەکان ژەنرابوونو، هەڵبژاردەی نوێ خۆی جیاکردبۆوە، جۆرە مرۆڤ گەلێکی هاوڕەنگ کراو سادە پەیدا ببوو. پاش جەنگ، لەوڵاتانی شەڕکەردا گەلێ کۆنە جەنگاوەر، تەنانەت قارەمانترینەکانیش، نەیان ئەتوانی جێگای

خۆیان لەناو کۆمەڵگادا بکەنەوە، زۆریان هەستیان بەوە ئەکرد کە لەچینەکان هەڵکەنراون، ئەمانەیش زۆربەی جار سەر بەو چینە ناوەنجییانە بوون کەهەژانی ئابووریو سیاسی خستبوونییە بەر مەترسی. ئەمانە سەرنجیان ئەدا کە لەپشتەوە، لەبەر سێبەر، خەڵکی تر گیرفانی خۆیان پڕ کردووە. ڤینێ لەدەروونیاندا دژ بەئۆلیکارشی[20] و سیاسەتکاران قوڵپی ئەدا، بیری برایەتیی ناو سەنگەریا ئەکردو، دڵنیابوون کەئەرکێکی خاوێن کردنەوەیان پێ سپێردراوە[21].

لەرۆژهەڵاتی ئەورووپا، لەرووسیا، رۆشناییەکی گەورە بەشۆڕشی بۆلشەفی درەوشابۆوە، هەڕەشەی ئەکرد کەتینی بکاتە ئەو رۆژاوایەش کەلایەنگرانی تا ئەهات ژمارەیان زیادی ئەکرد، چونکە خۆی وەك شۆڕشێکی سەراپایی، گۆڕینێکی سەروبنی کۆمەڵگاو ئابووری، هەڕەشەیەکی بکوژی تەواوی دامودەزگایی نرخ پێشکەش ئەکرد، چینە دەسەڵاتدارو ناوەنجییەکانیش کەوتبوونە خۆیان بەرامبەر بەم مەترسییە، بۆ چەکێکی شەڕی سیاسی ئەگەڕان کەدیموکراسیە تەپیوەکان پێی نەئەبەخشین.



سەرباری ئەمە، تەنگانەی کاریگەرو درێژخایەنی "ساڵەکانی سی" ببوو بەمایەی ئاوسان، بێ کاریو کڵۆڵی. راستە کرێکاران لەهەموو کەس زیاتر بەرکەوتبوون، بەڵام چینە ناوەنجییەکانیش پێویست بوو بەنەگبەتیی گشتییەوە بکێڵن. چۆن ئەبێ چاو بۆ سەبەبکار لەرژێمە سیاسییەکانی سەرکار، لەبێگانەی دوژمن، یادەردو بەڵا تووشکەری ناو نەتەوەدا نەگێڕدرێ؟ چ دەرمانێ بەکاربێنرێ، ئەگەر توندکردنی پێوەندییە نەتەوایەتییەکان بەرزکردنەوەی دەسەڵاتێکی پارێزەر، باوکانە، ئەوەی سەرکردەیێ نەبێ؟ فاشیزم سوود لەم ناکامیو ترسانە وەرئەگرێ.

## فاشیزمو كۆنە پەرەستی

هیچ بەشێكی "دكتۆرینی" فاشیست نادۆزێتەوە،كەلەیەكێ لەبیركەرەوە ڕاست ڕەوەكانی چەرخی نۆزدەو بیستەوە قەرز نەكرابێ، شیكردنەوەی فاشیزمە نەتەوایەتییە جۆر بەجۆرەكان پاشان ئەمەمان بۆ ئەسەلمێنێ بەم شێوەیە توانرا ئەوە باس بكرێ كەفاشیزم، لەراستیدا، "كۆنەپەرستییەكی ژێر دیۆجامە"یە.

ئەبینینو، پاشان دێینەوە سەری، كەفاشیزم لەئیتالیاو لەئەڵمانیا توانی بگاتە سەر حوكم، چونكە دەسەڵاتدارانو ئەو دەوڵەتەی نوێنەرایەتیی ئەكردن پشتیان بۆ دانا. هەروەها ئەبینین كە لەو هاوسەنگیی هێزەدا كەدیكتاتۆری لەئیسپانیا، لەپورتوگالو یۆنان دایمەزراند، راستی تەقلیدی هاوسەریەكی باشی لەگەڵ فشیزمدا كرد. ئاشكرایشە كەهەردوو رەوت چوون بەگژ هەمان دوژمناندا: كۆمۆنیستەكان، دیموكراتەكان، بێگانەی نەیار، هەردوولا بەهەمان زمانی نەتەوە پەرستی لەگەڵ یەك ئەدوان. لەجەنگدا، لەئەوروپای خراوە ژێر دەستەوە، لەو



ڕژێمە قوت كراوانەدا كەئیلهامیان لەسۆسیالیزمی نەتەوایەتییەوە وەرئەگرت، هیتلەر زیاتر حەزی ئەكرد پشت بەكەسانی كۆنسەرڤاتیف ببەستێ (تاماوەیەكی درێژ ئەنتۆنیسكۆی لەهۆریاسیما، هۆرتیی لەزالاسیو، پێتانی لەدۆریۆ باشتر بوو)[٢٢].

بەڵام لەگەڵ ئەم شەریكایەتییە ئاشكرا، ئەم هاوبەرژەوەندییەشدا، جیاوازیی نێوان "كۆنەپەرستی"و فاشیزم زۆرە. پێش هەموو شتێ كۆنە پەرستی ناوەكەی خۆی رای ئەگەیەنێ، ئایدیالی خۆی لەرابوردوویەكی كەم یا زۆر ئەفسانەییدا دائەنێ، "سەردەمێكی زێڕینە" كەوای نیازە بۆی بگەڕێتەوە (وەك شایەتیی موتڵەق، لای مۆراس)[٢٣]. بەڵام فاشیزم بەپێچەوانەوە، گەرچی ئەم سەردەمو ئەو سەردەمی مێژووی نەتەوە پیرۆز ئەكا، چاوی لەدوا رۆژە، خۆی بەشۆڕشگێڕ لەقەڵەم ئەدا، یاخود وا دێتە بەرچاوی دەسەڵاتدارە تەقلیدییەكان، چونكە ناوی سۆسیالیست لەخۆی ئەنێو، گەرەكێتی، هەر هیچ نەبێ بەقسە، بینای كۆمەڵایەتی بگۆڕێ.

ئایا فاشیزم خراپ شکاندنەوەی دیموکراسیی کینە بزوێن نییە؟ کاتێ خۆی بەدەسەڵاتی نەتەوایەتی دائەنێو، وا بەگوێیدا ئەدا کەفەرمان ڕەوایی بەناوی جەماوەرانێکی رووتەوە ئەکا کەدەماری گرتوون؟[٢٤].

بەتایبەتی ناکۆکی لەپێك هێنانی دەستەی کاربەدەستاندا گەلێ تیژە. راستی توندرەو ئەریستۆکراتو بۆرژوای گەورەی لەسەرەوەن، هەڵبژاردەکەی فاشیزم (ئەگەر خ. ئەنتۆنیۆ دێ پریمۆ دێ ریڤێرای لێ دەرکەین)[٢٥] نەخانەدان لەدایك بوون، نەساماندار، نە بەلێهاتووییان بەرزبوونەتەوە، بەڵکو لەجەنگی جیهانیدا، لەشەڕی سەرجادەدا، لەچالاکییەکانی پارتیدا، بەدڵسۆزیان بۆ سەرکردە خۆیان پێ گەیاندووە (تەنانەت هەندێکیان لە" چەپەوە" دێن). بەم شێوەیە، بەدەگمەن تەبایی لەنێوان کەسانی خاوەن کارەکتەری وا جیادا دروست ئەبێ، ئەریستۆکراسیی ئیتاڵی گاڵتەی بەموسۆلێنی ئەهاتو، ژەنەراڵەکانی ڤێرماخت[٢٦] ڤیزیان لەو بێچینانە ئەبۆوە کەریزەکانی تیپی هەڵمەتیان[٢٧] بۆرکردبوو. تاڕادەیە، ناکۆکی





تا بەرەو یەکتردا داپۆلۆسینیش مل ئەنێ، نازیە نەمسایەکان "دۆلفوسیان"[٢٨] کوشتو، پیلانێکی خانەدانەکان بوو کەویستی هیتلەر لەناو ببا.

سەرەڕای ئەمە، ئەبێ سەرنجی ئەوە بدرێ کەتەنها دەستەیێکی بچووکی هێزە کۆنسەرڤاتیفەکان دژ بەفاشیزم وەستانەوە، ئەوەیش هەمیشە زۆر درەنگ، لەکاتێکدا کەخەڵکی تر تەواو هێزیان لەبەر بڕی بوو، ئەگەر پشتیان لەزەوی توند نەکردبێ (وەك شای ئیتالیا کەفەرمانی گرتنی موسۆلینیی دەرکرد، لەکاتێکا کەئەنجومەنی باڵای فاشیست خۆی دەسبەرداری ئەم ببوو)، لەلایەکی ترەوە ئەریستۆکراتیکی وەك شازادە بۆرکیە تادوا هەناسە دڵسۆزی موسۆلینی بوو[٢٩].

پاشان ئەبینین، کاربەدەستە تەقلیدییەکان پەیڕەیان بۆ فشیزم دانا، بۆ ئەوەی پلانەکانی خۆیانی پێ بەجێ بگەیەنن، بەو ئاواتەی جڵەوی لەدەست بگرن، یابیهێننە ریز خۆیان (تیێر رایئەگەیاند کەناپلۆلیۆنی سێ بەلووت رائەکێشێ)[٣٠]. لەڕاستیدا خۆیان بۆ ناو بەسەرهاتێ کێش ئەکرێن کەهەرگیز

ئاواته خوازی نەبوون (ژەنەراڵو دیبلۆماتەکان هەندێ سەرنجی شەرمنیان بۆ هیتلەردەربڕی)، بەڵام پێی قایل بوونو، بەرادەییێکی فراوان قازانجیان لێ کێشایەوە. ئەتوانین بەیەجگاری بڵێین کەفاشیزم زۆربەی زۆریانی لەناو خۆیدا تواندەوە. ئەمڕۆ لەفەرەنسادا گروپی وەك " ئاسپێ دو لافرانس " یاخود " ئاکسیۆن فرانسێزی نوێ[٣١] مارکەی فاشیست بێ سێو دوو ڕەت ئەکەنەوە، بەڵام ئەگەر بەڕاستی "ئاکسیۆن فرنسێز" ی پێش ١٩٣٩ مردبێ، کەس ناتوانێ لافی ئەوە لێ بدا کەفاشیزم لەدایك نابێتەوە . ناسینەوەی سەراپای ڕاستی توندڕەوو فاشیزم زیاتر بەکەڵکی پروپاگەندەی هەڵبژاردن دێ، بەڵام مێژوو پێمان ئەڵێ کە لەنێوان ١٩٢٠و١٩٤٥ دا هەردوو ڕەوت بوون بەشەریکەبەش، بگرە لەناو یەکدا وون بوون.



## فاشیزم و بۆلشەڤیزم

بۆلشەفیزم وفاشیزم هەردوو لەتەنگانەی ئەوروپاوە لەدایك بوون، ئەو تەنگانەیەی بوو بەهۆی یەکەم جەنگو، جەنگەکە ساخی نەکردەوە، فاشیزم بۆ پەرچ دانەوەی بۆلشەفیزم هاتە گۆڕێ. بۆیە گەلێ سۆسیۆلۆگ وەك دوو برا دایانئەنێ کە بەسکێ بوون. بەم شێوەیە، بەلای هەننا ئارێندتەوە[٣٢] ئەم جووتە دوو رووی یەك دیاردەن، ئەویش تۆتالیتاریزمە[٣٣]، کەسەرەنجامی پەروەردەکردنی"جەماوەرانە"، پاش جنینی کۆمەڵگا (لەئەڵمانیا دەسکەوتی بەزینو تەنگانەی ئابووری بوو، لەڕووسیا کارەساتی قەیسەریو شۆڕش پەیدایان کرد). "جەماوەران" لەکەسانێ پێك هاتوون کە پەیوەندیان لەگەڵ یەکدا نییە، هەست بەبێ کەسی، بەمافی لێ زەوت کراوی، بە ئابڕووتکاوی ئەکەن. تۆتلیتارییەکان دێنو ئایدۆلۆژییەکیان بۆ پێشنیار ئەکەن کە کلێپە بە خەیاڵیان ئەسێنێو، لەواقع دووریان ئەخاتەوە، بێ رابوردوویێکی ئەوتۆ، لەئێستا نارازیو لەداهاتوو

تۆقیو، هەر لەگەڵ جەماوەران چوونە ناو دنیای خەیاڵی تۆتالیتارییەوە، خۆیانی پێوە ئەبەستنەوەو، ئامادەن بۆ گشت قوربانیی کەسەرکردە یەجگار تواناو زاناکان داوایان کردووەو، ئەمان لەبەر دەمیاندا کڕنوش ئەبەن.

ڕاستە، کە دەرفەت هەڵکەوت، کۆمونیستو فاشیستەکان توانیان پێك بێن، هەندێ جار وەك "هاوپەیمانی ئۆبژەکتیف" دژ بەهەمان دوژمن:

دیموکراسیی لیبیرال. برایەت شتراسەر[٣٤] ئامۆژگاری پێکەوە هەڵکەوتنێکی دوورو درێژیان لەنێوان ئەڵمانیای نازیو یەکێتیی بۆلشەفیدا ئەکرد، ئەو پێکەوە هەڵکەوتنەی ماوەیی بۆ تاکتیکی هیتلەرو ستالین بەپەیمانی دەستدرێژی نەکردنی ئابی ١٩٣٩ (٣٥) هێنایانە دی. هیتلەر کەهەندێ جار بەشانو باڵی ستالیندا هەڵی ئەدا، لەوەیش دوورتر چوو، ئەوەیش بەوەی پێشنیاری دابەش کردنی دنیا لەگەڵ هێزەکانی تەوەر بەیەکێتیی سۆڤیەت بکا[٣٦].



لێك چوونی فاشیزمو ستالینیزم، ئەگەر لەدەرەوە تێی بڕوانرێ جێی سەرنجە: نەویستنی تێگەیشتنێکی قێزکەرەوەو خۆ بەزل زانین بەرامبەر بەخەڵکی تر، بەهێزیی دەوڵەت، تێکەڵ کردنی دەسەڵات بۆ سوودی تاقە پارتێ، لەناوبردنی خوێناوی ئۆپۆزیسیۆن (کامپەکانی خڕکردنەوەی ئەڵمانیا هاوتایان لەگۆلاکی سۆڤیەتدا هەیە)، پۆلیسێکی زۆر دەسڕۆیو، هەمان ناسیۆنالیزم، بەسوپایەکی زۆر بەهێز پشت قایم، هەمان سەرکردە پەرستی[٣٧].. هتد. تەنانەت نووسرا کەستالین لەهیتلەر تۆتۆلیتاری تر بوو: لەنازیزمدا هیچ شتێ نییە وێنەی " قەلاچۆی" گولاكو ملیۆنان مردووەکانی هەبێ، کەچی توخنی ئەریستۆکراسی، کلیسەو بینای پیشەسازی نەکەوت.

لەڕاستیدا جیاوازی نێوان نازیزم وپۆپەی بۆلشەفیزم کەستالینیزم بوو بنچینەییە. یەکێتیی سۆفێت وەرگێڕانێکی بنەرەتیی کۆمەڵگاو ئابووریی دەست دایە، کەنازیزم لەوێدا چەقی کەتەنها ئامۆژگاریی کردنی بکا، فاشیزم: دیکتاتۆری"ی پرۆلیتاریا ڕەت ئەکاتەوەو، وای نیازە زۆرانی چینایەتی

بەهاوکاریی چینایەتی جێ بکرێ، ئەگەر دەست جەماوەران درێژ ئەکا ئەوە بۆ ئەوەیە کەبیانکا بەبەندی خۆی، نەك بۆ ئەوەی بەرەڵایان بکا، ئەو هەلومەرجەی بۆلشەڤیزمی لەرووسیا تیا سەرکەوت ، واتا لەبارودۆخێکی ئاژاوەو پەرشوبڵاویدا، کە بەشێوەییێکی تیۆری " خواستی جەماوەران" ی تیا دەرئەبڕدرا، فاشیزم ئەمە مەحکوم ئەکا. بۆلشەڤیزم لەهەڵەو بەدووریێ، کە نیەتی، بۆبنکە قایلە، گەرچی پاشان ڕێی نادا رای خۆی دەربڕێ، بەلای فاشیزمەوە ئەمە مەنتیقیانە سەر لەدیموکراسیدا دەرئەهێنێ، هەروەها بیرێکی نەسرەوتی هیتلەر(لەگەڵ رەگەز پەرستیدا) ئەوە بوو کەکۆمۆنیزم لەئاسیاییێکی کێوییەوە دێو، پێویستە بەرەو ئاسای راونرێتەوە. نازیزمو پۆڵشەڤیزم، هەردوو ڕوو لەجیهان گیریی، لەڕاستیدا یەکتریان دەرئەکردو، ئەم برا دوژمنانە دڕانە بەربوونە گیان یەکتر، بۆ ئەوەی یەکێکیان ئەوی تر لەناوببا.



## نەشونمای فاشیزم

کەواتە فاشیزم، سەرجەم تێی بڕوانرێ، دیاردەیەکی ئۆرگینالە. کاتێ نەگەیشتۆتە سەر حوکم لەسنووری چوون بەگژ دوژمنانی ناوخۆدا ئەو لاتر ناچێو، وەك لەجێی خۆی چەقی بێ وایە. کاتێ حوکمی خستە دەست، ئەکەوێتە بەر چەرخی کاروباری گشتیو، لەمەودوا خۆی ئەکا بەنوێنەری دەوڵەتو نەتەوەو، لەبوارێکی نێودەوڵەتاندا خۆی خەریك ئەکا، ئەوسا ئەبێ ئاگاداری بار بێو، ناچارە هەندێ جار پرۆگرامە سەرەتاییەکەی خۆی وەرچەرخێنێ. لەکارە رەندەکەیاندا دەربارەی: مەسەلەی سەربەستی ـ فاشیزم لەچەرخی بیستدا[٣٨]، پ. میلزاوم. بێتۆڵی هەوڵ ئەدەن "فاشیزم لەکاتەکەی خۆیدا جێ بکەنەوە"و، سێ قۆناغیان بۆ نەشونمای دەسنیشان کردووە:

یەکەم فاشیزم "لەبوارێکی تەنگانەدا نەشونما ئەکا، کەئەنجامی بزووتنەوەی توند رەوەکانی چینە ناوەنجەییەکانە، کەبەجارێ ئەچن بەگژ هێزە شۆڕشگێڕەکانو سەرمایەدا "ئەمە"

بەرپەچدانەوەیەکی نامەنتقیی "چینە ناوەنجییەکانە دژ بەپرۆلیتاریا بوونی کە "بەرەو پاشەوە رایان ئەکێشیٚو رەگیان دائەکوتیٚ"، پشت قایم" هەلٚبژاردەی جیٚ گردنەوە"، کە کۆنە جەنگاوەرەکانن، توانرا باسی "سۆسیالیزمی لەچین هەلٚکەندراوەکان" بکریٚ.

دووەم فاشیزم بەوە ئەناسرێتەوە کە "هاوپەیمانیی ئەوەی یەکەمو سەرمایەی گەورەی پیشەسازیو کشتوکالٚی"یە. بۆ ئەوەی بگاتە سەر حوکم، فاشیزم لەڕاستیدا پێویستی بەیارمەتی (پارە، هاریکاری) چینە دەسەلاٚتدارەکانو ئامێری دەولٚەت هەیە. ئەم دەستی یارمەتییە درێژ ئەکریٚ، ئەگەر چینە دەسەلاٚتدارەکان هۆشیان بەوەوە بیٚ کەتەنگانەییەکی یەجگار کاریگەرو، مەترسیی شۆڕشگێڕانە لەئارادایە (بەشێوەیەکی گشتی، هەر پاش ئەوەی یەکەم تەقەلای شۆڕشگێڕانە سەرکوت کرابیٚو، بۆ ئەوەی خۆ ئامادە بکا). بەم شێوەیە "بلۆکی حوکم" لەدوو بالٚ دروست ئەبیٚ، کەنابنە هاوبەشی یەك ئەگەر دژ بەهاوو دوژمنیان نەبیٚ، یەکێکیان شۆڕشگێڕو ئەوەی



تریان کۆنسەرڤاتیفە.

سێهەم قۆناغ فاشیزمە لەحوکمدا. پێویستە چینە دەسەلاٚتدارەکان لەگەلٚیدا کار بکەنو، ناچارن هەندیٚ نابەدلٚی پشت گویٚ بخەن، بەلاٚم تێکڕا دەسەلاٚتی خۆیان ئەپارێزن، بنیاتە دامەزراوەکان بۆ سوودی خۆیان پتەو ئەکەنو، پایەو قازانج ئەچننەوە. بەم شێوەیە، وردە بۆرژوا لەرێی "بەرژەوەندییە مەزنەکان"دا ئەکریٚ بەقوربانی ئاشت بوونەوەی نەتەوایەتی لەسیاسەتێکی زەبەلاحیو دەسڕۆیشتندا بەدی ئەهێنریٚو، شان بەشانی، بەکۆمەلٚیٚ کارگێڕانی کۆمەلاٚیەتی گوزەران باشتر ئەکریٚ، بۆ ئەوەی "جەماوەران بتوێنرێنەوە".

لەڕاستیدا، هەر لەگەلٚ جەنگدا دەستی پیٚ کرد، ئایدۆلۆژی، سیاسەتو ئابووری ئەکرێنە بەندی پێویستییەکانی شەڕو کاریگەری. بەم شێوەیە، ئێمە ئەلٚێین، ئەتوانین قۆناغێکی چوارەم دەسنیشان بکەین، کە بۆ نموونە لەگەلٚ شپێردا(٣٩) لەئەلٚمانیا نابەدلٚییەکانی پارتی نەرم ئەکرێنو، دەسەلاٚتی ئابووری ئەدرێتەوە دەست پیشەسازان، تەنانەت لەکارگەکانی

دەوڵەتیشدا. لەگەڵ رووخاندنی موسۆلێنی (ئەیلولی ١٩٤٣)و، تەقەلای هیتلەر کوشتندا (تەمووزی ١٩٤٤) فاشیزم ئەگەڕێنەوە رەقایەتییەکەی یەکەم جاریان، "سۆسیالیزمە" سەرەتاییەکان، دژ بەدەستە کۆنسەرڤاتیفەکان، ئەمەشیان پێنجەم قۆناغە.

ئەم شیکردنەوەیەمان بەلاوە تەواوە، لەگەڵ دوو راست کردنەوەدا: ئێمە وای ئەبینین کەهەر لەیەکەم فاشیزمەوە نەتەوە پەرستی چڕو پڕەو، پشت گرتنی گەلی، لەبەر تەنگانەی ساڵەکانی سی، هەر لەسەرتاوە دەسخراوە. لەلایەکی ترەوە شیکردنەوەکە هەر بەکەڵکی ئیتالیای فاشیستو ئەڵمانیای نازی دێ. لەم دوو وڵاتە بەدەر ئەتوانین زیاد لەیەك نموونەی ئیستیسنا بدۆزینەوە: "فاشیزم"ی چەپ ڕەو نە لەژاپۆنو، نە لەیۆنانی مێتاکساس(٤٠) بەدی ئەکرێ، لەنەرویژ، خانەدانەکان کیسلینگیان(٤١) تووڕدا، فاشیستە "جاشە" فەرەنسییەکان بەنەتەوە پەرەستییەکی دانسقە هەناسەیان ئەدا، چونکە ستایشی هاوپەیمانییان لەگەڵ داگیرکەردا ئەکرد، بنکەی "پێرۆنیزم" و



"ناسریزم"(٤٣) هەمیشە لەوورد بۆرژوا بەربلاو تر بوو.. هتد.

## فاشیزمەکان

ئەگەر فاشیزم دیاردەیەکی نێودەوڵەتان بووبێ، شەڕی لەپێناو دەست بەسەر دنیاداگرتن کردبێ، ئەگەر "سامانێکی گشتی" بۆ هەموو ئەو گروپو رژێمانە هەبێ کەخۆیان بەوە دێننە ناسین، تائەو رادەیەی بۆمان هەیە لەخۆمان بپرسین ئایا فاشیزم "ئینتەرناسیۆنال"یەکی نوێی دروست نەکردووە، ئەوەی وای بەگوێدا ئەدا کە ئەچێ بەگژ هەموویاندا، ئەوەندە ئەمێنێتەوە کە دکتۆرینەکە نەشونمای کردو، پراکتیکی تیا توایەوە، لەناو بەری جیاجیای نەتەوەیی، کۆمەڵایەتیو ئیتنیدا.

کەواتە، یەك فاشیزمو چەند فاشیزمی بەجارێ هەیە. ئەو نەتەوە پەرستییەی هەموو ئیلهامی لێ وەرئەگرن، ئەتوانێ لەلایەکی ترەوە بیانکا بەگژ یەکدا. ئەگەر تەوقی هیتلەر نەبوایە، تیرەخاچی هەنگاریو پاسەوانی ئاسنینی رۆمانی ئەبوایە شەڕیان لەپێناوی ترانسلڤانیادا[٤٣] بکردایە، ئیتالیای فاشیستو ئەڵمانیای نازی چەندان ساڵ ناتەبا بوون لەگەڵ یەکدا، ناکۆکییان لەسەر نەمساو نشێویی دانووب هەبوو، رەوتە





جۆر بەجۆرەکانی فاشیزمی فەرەنسی هەرگیز نەیانتوانی یەك بگرنو، موسۆلێنی پەلاماری رژێمێکی فاشیستی لەیۆناندا.. هتد.

فاشیزم بەیەك جۆر نەگەیشتە سەر حوکم، گەرچی نزیکەی هەمیشە هەر هەمان شان درایە ژێر باڵی، ئەو هێڵە هاوبەشانەی کاراکتەری گشتیان دەسنیشان ئەکا هەمان بایەخی لای هەموان نییە، تەنها نموونەیە بدەین بەدەستەوە ئەوەیە کەدژ بەسامیی ئیتالی درەنگ پەیدا بوو، ئەویش لەئەڵمانیاوە نێردرا بوو[٤٤].

# پەراوێزەکان

١ ـ خەباتم Mein Kampf ئەوکتێبەیە کەهیتلەر پاش کودەتا لەبار چووەکەی ٩/١١/١٩٢٣، بەپێنج ساڵ بەندیخانە حکومدانی، لەزینداندا نوسیو، بیروباوەڕی رەگەزایەتی خۆی تیا روون کردەوە. بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە ساڵی ١٩٢٥و. بەرگی دووەمی ساڵی ١٩٢٦ بڵاو بوەوە. ـ Bible بەوشێوەیەی لای عیساییەکان پیرۆزە، لەدوو بەش پێك هاتووە: کۆنەراسپاردە، کە بەسەرهاتی نەوەی ئیسرائیلو پێڕەوی ئاینی جووە، لەنێوان ساڵانی ٥٠٠ ـ ١٠٠ پ. ز بەعیبری نووسراوە. لەگەڵ راسپاردەی نوێ، کە کردارو گوتارەکانی عیسای تیا تۆمار کراوەو، لەنێوان ساڵانی ٥٠ ـ ١٥٠ زاینی بەیۆنانی کۆن نوسراوە. دیارە مەبەستی نووسەر ئەوەیە کە کتێبەکەی هیتلەر تەنها بەشێکی بیروباوەڕی یەکێ لەرەوتە فاشیستەکانە. (و)

٢ـ لەووشەی Faisceau وە دێ، واتا هەڵچنینی چەکەکان



لەکاتی پشوودا، یاخود نیشانی لیکتۆر لەرۆمانی کۆندا(ن) (لیکتۆر ئەو کەسە بوو کە لەپێش دادپرسەکانی رۆمای کۆنەوە ئەرۆیشتو، کۆمەڵێ داری پێ کەوەبەستراوی هەڵگر تبوو، کە لەناوەندیاندا تەورێ قووت ببوووەو. هەڵبەت هەر ئەم کۆتەڵە خۆی نیشانەی دەسەڵاتی دەوڵەتی رۆمابوو. (و) )

٣ـ philosophie des lumieres فەلسەفەکانی چەرخەکانی رۆشناییە siecle des lumieres (بەئینگلیزی: Age of enlightment) کە لەکۆتایی سەدەی حەڤدەوە دەست پێ ئەکاو ، تاسەدەی نۆزدە ئەکشێ. سەردەمێکی چالاکییەکی فراوانی بیر بوو لەگشت بوارێکدا.(و)

٤ـ ڕینەی دیکارتس Rene Descartes (١٥٩٦ ـ ١٦٥٠), ئیمانویل کانت Emmanuel kant (١٧٢٤ ـ ١٨٠٤)و،

جان جاك ڕۆسۆJean Jacques Rousseau (١٧١٢ ـ ١٧٧٨).

هەرسێ فەیلەسوفی جیاجیا، کە لەگەڵ فەلسەفەی پۆزیتیڤیزمدا Positivisme لەوخاڵەدا یەك ئەگرنەوە کەتەنها ئەقڵ بۆی هەیە حکوم بدا. (و)

٥ـ Xenophobe واتە بێگانە خواز. (و)

٦ـ Führer ووشەیێکی ئەڵمانییە، بەمانای رابەرو، بەهیتلەر ئەوترا. ووشەی Duce ی ئیتاڵی (موسولێنی) و، Caudillo ی ئیسپانی (فرانکۆ) هەر هەمان مانای هەیە. ووشەی (القائد)ی عەرەبیو، (ربر)ی فارسی لەهەمان سەرچاوە هەڵئەقوڵێن. (و)

٧ـ Auto gestion بەو بەڕێوەبردنە ئەووترێ، کە پرۆژەیێکی ئابووری لەلایەن سەرجەمی ئەوانەوە بەڕێوە ببرێ کە کاری تیا ئەکەن. (و)

٨ ـ Economie corporative لەووشەی Corporation وەرگێڕاوە. بەواتای سەرجەمی ئەوکەسانەی هەمان پیشەیان هەیە. کە بەپێچەوانەی نەقابەوە نەك تەنها کارگران، بەڵکو کاردەرانیش ئەگرێتەوە. کڵێسەی کاتوولیکی



لەکۆنەوە هانی دروستبوونی کۆرپۆراسیۆنی رێکخراوی لەگشت پیشەکاندا ئەدا، بەنیازی ئەوەی نەشیش بسووتێ و نەکەباب .
ئابووری کۆرپۆراتیف پشت بەبوونی کۆرپۆراسیۆنی رێکخراو لەسەرجەمی پیشەکاندا ئەبەستێ. نەخشە کێشانی ئابووری ئیتاڵیای فاشیست (موسۆلێنی، بۆتێ، رۆسۆنی...) ئابوورییان لەسەر بناغەی کۆرپۆراسیۆنی پیشەیی رێکخست. کە سەرجەم لەلایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ ئەکراو بەڕێوە ئەبرا، کە بە corporatisme détat (کۆرپۆراتیزمی دەوڵەت) ناوی دەرکرد. (و)

٩ ـ autarcie لەئابووریدا واتە خۆ بە خۆ تێرکردن. (و)

١٠ـ s.s کورت کردنەوەی schuts_sraffel واتا دەستەی پاراستنە. ساڵی ١٩٢٥ ئەم دەستە چەکدارەی پارتی نازی دروست کرا بۆ پاراستنی هیتلەر. ساڵی ١٩٣٠ heinrich himmer(١٩٠٠ـ ١٩٤٥) بوو بە بەرپرسیاری ئەم دەستەیە، ئەرکەکانی فراوان کردو. لەگشت پێویستی یەك بێ خەمی کرد. ساڵی ١٩٣٣ ژمارەی ئێس ئێسەکان گەیشتە

پەنجا هەزار کەس، تاوای لێ هات میلیشیای پارتی (s.a )ی قوتدا. لەجەنگدا. کارگێڕانی کامپەکانی خڕکردنەوە. بەڕێوەبردنی پۆلیس‌و دەزگاکانی مخابەرات، تەنانەت ئەوانەی سوپایش (abwehr )وکۆنترۆڵی وولاتانی داگیرکراوی پێ سپێردرا. لەئەڵمانیای نازیدا، ئێس ئێس دەوڵەتێکی ناو دەوڵەت بوو. (و)

١١ـ trust واتا یەك کردنی دارایی چەندان کارگە لەیەك کارگێڕاندا . cartel واتە خڕبوونەوەی چەندان کارگەی هەمان بەرهەم ، بۆ بەدەست هێنانی مۆنۆپۆل.(و)

١٢ـ tayloris,me لەناو ئەندازیاری ئەمریکی یەوە Frederick.w. Taylor (١٨٥٦ـ١٩١٥) وەرگیراوە، کە لەلێکۆڵینەوەیەکدا دەربارەی کارگێڕانی زانستی ئەوەی روون کردەوە کەچۆن ئەکرێ کرێکارێ بەکەمترین پشوو زۆر ترین کار بکا.(و)

١٣ـ ئەلبێرت ئەنیشتاین ALBERT EINSTEIN (١٨٧٩ ـ ١٩٥٥) فیزیاناسی بەناوبانگی ئەڵمانی، خاوەنی



تیۆری نیسبی، LOUIS DE BROGLie (١٩٨٢) فیزیاناسی فەرەنسی. خاوەنی تیۆری شەپۆلەکانی مادده هەردوو دیتنەوەو وردەکانیان لەفیزیادا خەڵاتی نۆبڵی بۆ بچڕیون. (و)

١٤ـ Psychanalysme بەعەرەبی: التحلیل النفسانی، Psychologie بەعەرەبی: علم النفس. (و)

١٥ـ هێنری بیرگسۆن Henri Bergson (١٨٥٥ ـ ١٩٤١) فەیلەسوفی ئایدیالستی فەرەنسی، دژبەکانت‌و پۆزیتیڤیزم‌و گشت ئەو فەلسەفانە بووکەپاییەی ئەقڵ بەرز ئەکەنەوە.(و)

١٦ـ فردریك نیتچە Friedrich Nietzsche (١٨٤٤ ـ ١٩٠٠) نوسەرو فەیلەسوفی ئەڵمانی. (و)

١٧ـ لەوانەیە جگە لەنیتچە، کەهیتلەر وای بەگوێدا ئەدا کەهەموو کارەکانی داپاچیووە، بەڵام لەدەمەتەقێکاندا لەگەڵ ئاشنا نزیکەکانیدا لنگەو قوچ تێگەیشتنی فەیلەسوفەکەی بەسەریەکدا تۆپەڵ ئەکرد. کاتێ فیورەر وویستی دیارێکی جوان

بۆموسیییلینی هاوڕێی بنێرێ، سەرجەم کارەکانی نیتچەی بۆنارد. (ن)

١٨ـ بەزمی ستاڤسکی لەناو بانقکاری فرەنسی بەرەگەز رووس Alexandre Serge Stavisky (١٨٨٦ ـ ١٩٣٤) وەرگیراوە، کە لەجێی خشڵی قەڵب یا دزراو توانی چەندان ملیۆنی فرەنك لرف لێبدا. کە دزیەکەی ئاشکرابوو، ستاڤسکی کوژراو، دیاربوو کەئەم کوشتنە بۆشوێن پێ وونکردنە، چوونکە هەڵبەت کابرا بێ شەریك نەبوو. ڕاستی توندڕەوی فرەنسی ئەمەی بەهەل زانی بۆ خولقاندنی ئاوهەوایەکی ئاژاوەو، کشان بەرەو حکوم بەدەست گرتن بۆیە لە ٦/٢/١٩٣٤ دا ڕاستی توندڕەوی فرەنسی لەگۆڕەپانی "کۆنکۆرد" خۆپیشاندانێکی زەبەلاحی سازکرد، کە بەخۆتێهەڵقورتانی پۆلیسو خوێنرشتن شکایەوە. بۆ وەلامدانەوەی ڕاستەکان سێ ڕۆژ باشتر سۆسیالستو کۆمۆنیستەکان خۆیان پیشاندان پۆلیس لەوێش لەتەقەکردنو کوشتن دەستی نەپاراست.(و)





١٩ـ کەتەلان ئەو هەرێمەیە کە ئەکەوێتە خواروی ڕۆژهەڵاتی ئیسپانیاوەو، بەشێکی بچووکی لەخوارووی ڕۆژاوای فرەنسا، شاری "بەرشەلۆنە" پایتەختێتی. زمانی کەتەلانی ئیسپانییە، گەرچی هەردووکیان هەمان ڕەگەزیان هەیە. کەتەلانەکان هەمیشە، هەڵی بەفیڕۆ نادەن تاجیاوازی خۆیان لەگەڵ ئیسپانییەکاندا دووپات بکەنەوە. (و)

٢٠ـ Oligarchie ئەورژێمە سیاسییە یە کە دەسەڵات لەدەستی چینێکی بچووك، کۆمەڵێ کەس یاهەندێ بنەماڵەدا بێ.(و)

٢١ـ بەڵام فاشیزم لەووڵاتانێکیشدا نەشونمای کرد کەجەنگیان نەکردبوو، کە کۆنە جەنگاوەریان نەبوو، وەك بۆنمونە لەئەمریکای خواروو. (ن)

٢٢ـ بڕوانە:

Henri Michel, La seconde guerre mondiale Puf, Paris ١٩٧٧, t. I, PP. ٢٧٥ sq(ن).

Ion Antonescu (١٨٨٢ ـ ١٩٤٦) مارشـاڵێکی ڕۆمانی بوو. دەستی لەگەڵ تاقمی پاسەوانی ئاسنین Garda de Fireی فاشیستی ڕۆمانیدا تێکەڵ بوو، سەرکردەی ئەم تاقمە Horia sima (؟ ـ ؟) یارمەتی ئەنتینسکۆیدا، لەساڵی ١٩٤٠ بەدواوە لەڕۆمانیادا ڕژێمێکی فاشیست بخاتە سەرکار. پاش جەنگ مارشاڵ لەسێدارەدرا ـ Nikolas Horthy (١٨٦٩ ـ ١٩٥٧) سوپایێکی کۆنەپەرستی هەنگاری بوو، لەساڵی ١٩٣١ یەکەوە ڕژێمێکی دیکتاتۆرـ ی دامەزراند، بەسەرهاتەکانی دووەم جەنگی جیهانی وایان کرد کەهۆرتی هەنکاریا بەجێ بێڵێ و، تامردنی لەپۆرتوکال جێ بگرێ ـ Fernec Szalasi (١٨٩٧ ـ ١٩٤٦) دامەزرێنەری پارتی "تیرەخاچ"ی فاشستی هەنگاریا. پاش جەنگ گوللەباران کرا Philippe Pêtain (١٨٥٦ـ ١٩٥١) سوپایێکی فەرەنسی بوو، کە لەپێش بەشالاوی سوپای قەیسەری ئەڵمانیادا لەیەکەم جەنگی جیهانیدا خۆی نواند، بەلام لەدووەم جەنگدا قایل بوو بەدەست ـ تێکەڵ کردن لەگەڵ هێزی نازی داگیر کەرداو،





ڕژێمێکی جاشی هێنایە سەرکار، کەپایتەختەکەی شاری vichy بوو، بۆیە ئەم ڕژێمە هەر بەحکومەتی ڤیشی ناسراوە. پاش جەنگ مارشاڵ پێتان بەمەرگ حکوم درا، بەلام لەبەر تەمەنی بەجێ نەگەیندراو، تامردنی هەر لەزیندانندا مایەوە ـ جاك دۆروات Jacques Doriot (١٨٩٨ ـ ١٩٤٥) لەپارتی کۆمۆنیستی فەرەنسییەوە دەستی پێکردو، بەرپرسیاری تیا بچڕی، بەلام لەبەر بیرو باوەڕی توندڕەوی دەرکرا، بۆیە ساڵی ١٩٣٦ پارتی گەلی فەرەنسی P.P.Fی فاشیستی دامەزراند، کەهاریکاریی لەگەڵ هێزی داگیرکەردا کردو، لەحکومەتی ڤیشیدا قسەی ئەڕۆیشت. دۆریۆ بوو بەئێس ئێس و لەدژی یەکێتی سۆڤیەت لەبەرەی ڕۆژهەلات بجەنگێ، بەلام پێش ئەوەی جەنگ بەێجگاری کۆتایی بێ، لەبۆردومانەکانی شاری بەرلیندا کوژرا. (و)

٢٣ـ چارلس مۆراس Charles maurras (١٨٦٨ـ ١٩٥٢) نوسەرێکی فەرەنسییە، خاوەنی پرەنسیپی نەتەوە پەرستی سەراپاییە. مۆراس پێی وابوو کەدیموکراسی و کۆمار

هۆی دەردەکانی فرەنسان، بۆیە ئەم وولاتە ئەبێ رژێمێ شایەتی موتلەقی تیا دامەزرێتەوە. مۆراس بیروباوەڕی لەهەفتەنامەی Action Francaise (کرداری فرەنسی)دا بلاّوئەکردەوە، کەبوو بەئۆرگانی ئەوتاقمەی هەمان ناویان بەسەردا سەپاو، هەمان بیروو باوەڕیان هەبوو. پاش رزگارکردنی فرەنسا لە ١٩٤٤دا مۆراس لەبەندیخانە توندکراو، ئاکسیۆن فرانسیز قەدەغەکرا، چونکە هاوکاریان لەگەڵ حکومەتی ڤیشیدا کردبوو. (و)

٢٤ ـ ئەمەیە جیاوازی فاشیزمو دیکتاتۆرییە سوپاییەکان، کە بەیارمەتی کادیران حکوم ئەکەن، بەلاّم بنکەیان لەناو گەلدا نییە. (ن)

٢٥ ـ José Antonio deprimo deRevera (١٩٠٣ـ ١٩٣٦) پارێزەرو ئەندامێکی پەرلەمانی ئیسپانیا بوو، کوڕی ژەنەراڵێکی کۆنە پەرستە، دامێزرێنەری پارتی Falanges (الکتائب)ی فاشیستە. لەجەنگی ناوخۆی ئیسپانیادا دەست کۆماری خوازەکان کەوت، کەیەکسەر



کوشتیان. ئەم نەفەرە، بەتایبەتی لای فاشیستە ئیسپانییەکان، وەك شەهیدێکی رێی خەبات یاد ئەکرێتەوە. (و)

٢٦ ـ wehrmacht (هێزی بەرگری) ناوی سوپای ئەڵمانیا بوو، لە ١٩٣٥ وە تا ١٩٤٥.

٢٧ـ Sturmabteikung (تیپی هەڵمەت ـ S.A) میلیشیای پارتی نازی بوو، ساڵی ١٩٢٠ دروستکرا، پاش ١٩٤٣ لەدەسەلاّتی کەم کرایەوەو، ئێس ئێس پێشی کەوت. بڕوانە پەراوێزی (١٠) . (و)

٢٨ـ Engelbert Dollfuss (١٨٩٢ ـ ١٩٣٤) لەساڵی ١٩٣٣وە بوو بەڕاوێژکار (سەرۆك وەزیران)ی نەمسا. چەند دژبەسۆسیالستەکان بوو، هێندەش دڵی بەنازیەکان نەئەکرایەوە. بەلاّم دەستەی نازی بۆی چوونە ناو بینای راوێژکارییەوەو، هەر لەوێدا کوشتیان. (و)

٢٩ـ ئەوە باسی ئەو ئەریستۆکراتە ئەڵمانیانە ناکەین کەچووبونە رێزی ئێس ئێسەوە، وەك شازادەی هۆهنلۆهە، کە جاسووسی هیتلەر بوو لەسویسرا. (ن)

(Borghese و Hohenlohe, دووبنەماڵەی واهەن، یەکەمیان لەئیتاڵیاو دووەمیان لەئەڵمانیا. بەڵام نووسەر مەبەستی کامە ئەندامەیانە بەووردی؟ ئەوەم بۆ ساغ نەکرایەوە (و) )

٣٠ـ Louis Adolphe Thiers (١٧٩٧ ـ ١٨٧٧) مێژوونووسو سیاسەت کارێکی فرەنسی بوو، لەڕژێمی شایەتی تەموزدا (١٨١٥ ـ ١٨٤٨) بەوەزیریو سەرۆك وەزیران گەیشت. پاش شۆڕشی ١٨٤٨ بوو بەدەمڕاستی ناپۆلیۆنی سێو، بانگەشەی کردنی بەسەرۆك کۆمار بۆ ئەکرد. پاش جەنگی ١٨٧٠بوو بەسەرۆکی حکومەتی ڤێرسایو، کڕنووشی لەبەردەم هێزی داگیرکەری پرۆسیسدا برد.

ئەمیش یەکێك بوو لەهۆکانی هەڵمەت بردنی گەلی پاریسو دامەزراندنی کۆمون (١٨٧١). تێر لەهەڵکێشانی پاریس لەخوێنو ئاگردا دەستی نەپاراست

Charles Louis Napoleon Bonaparte, N. III (١٨٠٨ ـ ١٨٧٣) برازای ناپلیۆنی یەکە. پاش



دامەزراندنەوەی کۆماری فەرەنسا لە ١٨٤٨ دا بەزمان شیرینی کۆمار خوازی توانی پایەی سەرەك کۆمار بپچڕێ. پاشان کودەتایەکی ساز کردو، خۆی کرد بەئیمپراتۆر. لەبەرئەوەی ئەم زاتە خەیاڵی مامی رەحمەتی زۆر لە کەللەی دابوو، بۆیە نیازی وابوو دەسکەوتە سوپاییەکانی ئەویش زیندوو بکاتەوە. بەڵام جەنگی ١٨٧٠ی دژ بەئەڵمانیا بەکارەساتێکی زل بۆ فەرەنسا شکایەوە. ناپۆلیۆنی سێ لەتەخت داگیراو، ئەمیش بەحەیای خۆیەوە بەرەو ئینگلتەرا هەڵات، بۆئەوەی سێ ساڵ پاشتر لەوێ بەحەسرەتەوە سەربنێتەوە. لای گەلێ مێژوو نووسو سۆسیۆلۆگ، رژێمە ئیمپراتۆریەکەی ئەمو ئەوەی مامی، یەکەم دەرسدادانی فاشیستەکان بووە. (و)

٣١ــ Nouvelle Action Françaies و Aspest dela France هەردوو لەسەر گۆڕی ئاکسیۆن فرانسێز شین بوون. بڕوانە پەراوێزی (٢٣). (و)

٣٢ـ Hannah Arendt, Elemente und Urspüng totalitare Herrschaft, Frankfur, ١٩٥٥.(ن)

٣٣ ـ Totalitarisme.

ئەورژێمەیە کە گشت دەسەڵاتەکان لەدەست تاقە پارتییەکدا بێ‌و، بوونی ئۆپۆزسیۆن بەزەبری هێز قەدەغەکرابێ. لەم رژێمەدا تاکە کەس لەووردترین هەڵسوکەوتی ژیانی رۆژانەو تایبەتیدا ژێر کۆنترۆڵو چاودێری ئەو دەوڵەتە جگە لەخۆی، کەس بۆی نییە ئەزێتی بیرکردنەوەو رادەربڕین بکێشێ. (و)

٣٤ـ Gregor Strasse (١٨٩٢ - ١٩٣٤) وە Otto Strasse (١٨٩٧ ـ ١٩٧٤)هەردوو ئەندامی دەسڕۆیوی پارتی نازیو، دژ بەسەرمایەداری بوون. یەکەمیان لەشەوی کێردە درێژەکاندا (٣٠/٦/٩٣٤) کوژرا، کەتیایا هیتلەر گشت رەقیبە ڕاستەقینەو گومان لێکراوەکانی ناوخۆی خۆی قەلاچۆکرد، بەلام دووەمیان ساڵێ پێشتر، ١٩٣٣، گیانی خۆی قوتار کرد بەوەی بۆدەرەوەی ئەڵمانیا کۆچ بکا. (و)



٣٥ـ بەپێی قسەی رێبێنترۆپ، کۆنە نازیەکان حەپەسابوون بەوەی هەندێ لێك چوون لەنێوان خۆیانو کۆنە بۆلشەڤییەکاندا بدۆزنەوە. (ن)

(Joachim von Ribbentrop)(١٨٩٣ ـ ١٩٤٦) لەنێوان ساڵانی ١٩٣٨ ـ١٩٤٥دا وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیای نازی بوو. پاش جەنگ لەسێدارە درا. (و) )

٣٦ـ بڕوانە:

H. michel, La seconde….,t. I, PP. ٢٢٣-٢٣٥. (ن)

٣٧ـ ئەمە هەندێ لەنازناوەکانی ستالینە: رابەری نەمری مرۆڤایەتی، باوکی گەلان، رۆشنایمان، مەزنی بیرو کردار، گەورەترین مەزنی گشت سەردەمەکان، هەڵۆی چیاو شۆڕش . . . هتد. (ن)

٣٨ـ P. Milza g M. Bentle, La liberté en duistion le fascisme au xxe. Siécle, Ed. Richelieu, ١٩٧٣,PP. ٨٧-١٠٩ (ن)

٣٩ـ Albert Speer (١٩٠٥ ـ ١٩٨١) لەساڵی ١٩٤٢ بەدواوە وەزیری پڕچەك کردنو بەرهەمی جەنگی ئەڵمانیای نازی بوو. پاش جەنگ بەبیست ساڵ زیندان حکوم درا. (و)

٤٠ـ Ioanis Metáxas (١٨٧١ ـ ١٩٤١) ژەنەراڵێکی یۆنانی بوو، لەساڵی ١٩٣٦دا بوو بەسەرۆك وەزیرانو، رژێمێکی فاشیستی هێنایە گۆڕێ. کە لەجەنگی دووەمدا مۆسۆلینی پەلاماری یۆنانیدا، مێتاکساس سێو دووی لەداوای یارمەتی لەئنگلیز نەکرد. (و)

٤١ـ Vidkun Quisling (١٨٧١ ـ١٩٤٥)، ساڵی ١٩٣٣ پارتی Nasjonal Samlingی فاشیستی دامەزراند. لەساڵی ١٩٤٢بەپاییەی سەرەك وەزیری گەیشتو، دەرگای نەرویژی بۆسوپای ئەڵمانی خستە سەرپشت. پاش جەنگ بەتاوانی خیانەت ڕەوانەی ئەو دنیاکرا. (و)

٤٢ـ Juan Domingo peron (١٨٩٥ ـ ١٩٧٤) سوپاییێکی ئەرژەنتینییە. ساڵانی ١٩٤٦ ـ ١٩٥٥ ـ ١٩٧٣ ـ ١٩٧٤ بوو بەسەرۆکی ئەرژەنتین ـ جمال عبدالناصر (١٩١٨ ـ





١٩٧٠) سوپاییێکی میسرییە، لەساڵی ١٩٥٢ تا ١٩٧٠ سەرۆك کۆماری میسر بوو ـ گەرچی ساڵانی١٩٥٢ ـ ١٩٥٣ بەناوی محمد نجیب سەرەك کۆماری میسر بوو، بەڵام دەسەڵاتی راستەقینە هەر لەدەست عبدالناصر خۆیدا بوو ـ . (و)

٤٣ـ تیرە خاچو پاسەوانی ئاسنین: بڕوانە پەراوێزی (٢٢)ـ Transilvania یاخود Areal (بەئەڵمانی: Siebenbürgen) هەرێمی جوگرافیو مێژووییو رۆمانییە. شاری (Clui) پایتەختێتی. گەرچی زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانی ترانسلڤانیای رۆمانین، بەڵام کەمایەتییەکی هەنگاریو، یەکێکی بچووکتری ئەڵمانی تیا ئەژین، زۆرجار بۆتە هۆی بەیەکدادانو، هەریەکە مافی خۆی لەترانسلڤانیادا لەهی ئەوانی تر بەرەواتر بزانێ (و)

٤٤ـ جێگەمان تەنگترە لەوەی بەشوێن ئەوەدا بگەڕێینو بۆچی فاشیزم لەگشت لایێ زاڵ نەبوو، چونکە بەتایبەت لەوڵاتە ئەنگلۆساکسۆنەکاندا سەرنەکەوت، یاراستتر لەوێ لەگرووپۆچکەی بێ بایەخ بەولاوە خۆی پیشان نەدا،

لەفەرەنسایش هەمان بابەت. هۆکانی ئەم بەزینە جۆر بەجۆرن، کۆنی، پتەوی‌و باش کارکردنی دامودەزگا پەرلەمانییەکان (دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئنگلتەرا، دۆمینیۆن) یاخود شوورەیێکی کاریگەر هەڵچنینی لەڕوویدا لەلایەن پارتە سیاسییە پرۆلیتارییەکانەوە (بەرەی گەلی لەفەرەنسا، بەڵام ئەم لێ دەرکردنە لەپاش بەزینی فەرەنسا لە ١٩٤٠دا چیتر دەوری نابینێ).

ئەتوانین سەرنجی ئەوە بدەین کە نەتەوە پرۆتستانتەکان، زیاتر لەکاتوولیکەکان، خاکێکی بێ پیت بوون بۆفاشیزم. تەنانەت ئەتوانین باسی فاشیزمی قەشەکان لەنەمسا، کرواتیا، ئیسپانیاو پۆرتوگال بکەین. (ن) (Dominion ئەوکۆنە کۆلۆنییە ئینگلیزانەیە، کە پاش نیمچە سەربەخۆیی، دانیان بەهەندێ دەسەڵاتی تاجی بەریتانیدا ئەنا ـ کەنەدا، ئوستورالیا، نیوزلندا. . . پاش سەربەخۆیی هیندستان. Commonwealth جێی دۆمینیۆنی گرتەوە ـ Front populaire (بەرەی گەلی) ساڵی ١٩٣٤ لەژێر درووشمی (دژ



بەفاشیزم، دژبەجەنگ) پارتەکانی سۆسیالست‌و کۆمۆنیست‌و رادیکاڵەکانی فەرەنسا دروستیان کرد. ساڵی ١٩٣٦ بەرەی گەلی توانی زۆربە لەئەنجومەنی نیشتیمانی فەرەنسیدا بەدەست بێنێ‌و، سیاسەت کاری سۆسیالیست Leon Blum (١٨٧٢ ـ ١٩٥٠) هەڵبژێردرا بەسەرۆك وەزیرانی حکومەتی بەرەی گەلی، کە گەلێ ریفۆرمی کۆمەڵایەتی بۆقازانجی زەحمەت کێشان بەدیهێنا. بۆ دەرەقەت هاتنی تەنگانەی ئابووری، لیۆن بلوم داوای گشت دەسەڵاتەکانی لەئەنجومەتی نیشتیمانی کرد، بەڵام ئەم داخوازییەی ڕەتکرایەوە، هەروەها کۆمۆنیستەکان پشتیان کردە بلوم، چوونکە نەی ئەویست چۆن ئەڵمانیاو ئیتاڵیا پشتی فرانکۆیان لەشەڕی ناوخۆی ئیسپانیادا گرتووە، ئاوایش فەرەنسا بچێ بەفریای کۆماری خوازە ئیسپانیەکانەوە. لەژێر باری ئەم بێ دەسەڵاتی‌و دووبەرەکییەدا، بلوم لە ١٩٣٧دا خۆکێشانەوەی حکومەتی بەرەی گەلی ڕاگەیاندن، کە دروشمەکەی (نان، ئاشتی‌و سەربەستی) بوو. (و)